# ڕێزمانی بینراو لە زمانی بینراودا
# (وێنەکاریی پەروەردەیی وەک نموونە)

پ.ی.د. کاروان عومەر قادر
زانکۆی سلێمانی- فاکەڵتی زانستە ڕۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی کوردی

**دەستپێک:**

مرۆڤ هەر لە یەکەم ساتی بوونییەوە وێڵە بە شوێن ئامڕازەکانی پەیوەندیکردندا. ئەمەش وایکردووە چەندین چەشن و جۆری جیاوازی پەیوەندیکردنی وەک (زمانی گوتراو، زمانی نوسراو، زمانی ئاماژە...هتد) هەم بۆ مەبەستی گەیاندن و گواستنەوەی بیر و چەمکەکانی ئاوەزی و هەم هێنانەکایەی تێگەیاندن و تێگەیشتن و بونیادنانی کۆمەڵی مرۆیی، بخوڵقێنێت. هەر یەکێک لەم ئامڕازانەی پەیوەندیکردنیش وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئەو سەردەمەی مرۆڤ بوون، کە داهێنانەکەی تێدا کردووە. لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا یەکێک لە دیاردە هەر زەقەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ ژیانییەتی لە چێوە و چوارچێوەی وێنە و وێنەکاریی و چییەتی دیزاینکردنی وێنە و ئاماژەبەندە وێنەییە بینراوە هەمەجۆرە تەکنەلۆژیاییەکانی سەردەمدا. بەمشێوەیە جیهانی وێنەی بینراو ( بە تایبەتی وێنە تەکنەلۆژیاییە ئەلیکترۆنییە داهێنراوەکان) خەریکە دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی جیهانی واقعی مرۆڤەکانی ئەوڕۆ، هەربۆیە دەبینین مرۆڤەکان هێندەی لە جیهانی بینراوی دەستکردی تەکنەلۆژیادا دەژین و سەرقاڵن نیو هێندە سەرقاڵی ژیانیان نین لە واقعدا. لەوەها ژیانێکدا پێوەری کەسێتی مرۆڤی سەرکەوتو بە هەموو واتاکانیەوە (واتە ئایا کەسێتییەکی ڕۆشنبیرە؟ یان کەسێتییەکی خوێندەوارە؟ یان کەسێتییەکەی بازرگانێکی/ سیاسەتمەدارێکی /مامۆستایەکی/ خوێندکارێکی سەرکەوتوو و زیرەکە و ...هتد) زیاتر بریتییە لەوەی، کە تا چەند ئەو مرۆڤە شارەزا و لێهاتووە لە جیهانی داهێنراوە بینراوە تەکنەلۆژیایەکانی وەک (کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و پرۆگرامە هەمەچەشنەکانی کۆمپیوتەر و...هتد)دا. بەمشێوەیە لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، مرۆڤی هاوچەرخ گەشەی بە ئامڕازێکی تری پەیوەندیکردن داوە، کە بریتییە لە (زمانی بینراو" Visual Language")، کە زیاتر بریتییە لە پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا لە ڕێگەی وێنە جۆراوجۆرەکانەوە، کە لە سەر سکرینی داهێنانە تەکنەلۆژیاییەکان دەخرێنەڕوو. ئەم

زمانە ڕەنگە لە پێشودا هێندە کاریگەر نەبوبێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە هۆی داهێنانەکانی مرۆڤەوە گەیشتۆتە لوتکە و سەرجەمی ژیانی گشتی و تایبەتی مرۆڤی تەنیووە. هەربۆیە ژیان و مامەڵەکردن لە پرۆسەیەکی ئاوا جەنجاڵدا زۆر پەشێوی بۆ بەکاربەرانی پێکهێناوە، لە بەر ئەمەشە زانایانی بوارەکە بیریان لەوەکردۆتەوە، کە چۆن ئەم زمانە زانستییانە بخەنەڕوو، بە هۆی دانانی ڕێسا و یاسای تایبەت بە خۆیەوە. لێرەوە بنەمایەکیان بۆ زمانەکە دارشتووە، کە ئەویش (ڕێزمانی بینراو"Visual Grammar")ە. یەکێک لەو بوارانەی زۆر بە بەهێزانە ئەم زمان و ڕێزمانەی تێدا بەکاردێت، سەرجەمی بواری ڕۆشنبیری و بواری پەروەردەیە (چ فێرکردن چ فێربوون بێت). بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیەتی لەلایەک چییەتی زمانی بینراو ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانەکەی (ڕێزمانی بینراو) شیبکاتەوە و بخاتەڕوو، لە لایەکی تریشەوە مەبەستییەتی شیکردنەوەکانی بۆ بواری پەروەردە بگوازێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا خراوەتەڕوو، کە لە تەوەرەی یەکەمیدا خودی (زمانی بینراو) شیکراوەتەوە و خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی دوهەمیشیدا (ڕێزمانی بینراو و بنەما و ڕێساکانی و چۆنیەتی کارکردنی و سود لێبینینی شیکراوەتەوە بە نموونەی گونجاوەوە)، لە تەوەرەی سێهەمیشدا (کە تەوەرەیەکی کارەکی ڕێزمانەکەیە) هەم بوارە کارەکییەکانی بەکارهێنانی ئەم ڕێزمانە خراوەتەڕوو و هەم هەوڵێشدراوە لە سەر بنەمای شیکردنەوەکانی ڕێزمانەکە ئەو کەموکورتییانە دەست نیشان بکرێت، کە لە بواری پەروەردەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت و پێشنیازی چارەسەری گونجاویشی بۆ خراوەتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە کارەکیەش پرۆگرامی وانەکانی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)ی بنەڕەتی وەک نموونە وەرگیراوە.

بەمشێوەیە ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر بریتی دەبێت لە شیکردنەوەی خودی ڕێزمانی بینراوی زمانی بینراو، هەروەها هەوڵدانە بۆ دانانی سەرەتایەکی بەرابیانەی زانستی بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی پرۆگرامی فێربوون و فێرکردنی ڕێزمانی زمانی کوردی بە زمانی بینراو، بە شێوەیەک هەم ئاسانتر بێت بۆ فێربوون و فێرکردن (چ بۆ مامۆستا چ بۆ خوێندکار) و هەم خێراتر و سەرنج ڕاکێشتر بێت و بگونجێت لەگەڵ واقعی ژیانی فێرخوازدا، کە بە تەکنەلۆژییای وێنەیی تەنراوە.

## ١) زمانی بینراو (دینامیکییەتی پەیوەندیکردن):

(زمانی بینراو)، کە مەبەست لێی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکانە لە ڕێگەی کەناڵی بینراوەوە، بە هۆی ئامڕازی چاو و ئامڕازە دەستکردە بینراوەکانی تری بواری تەکنەلۆژیا. بەمشێوەیە هەرسێ (دەقی چاپکراوی سەر کۆمپیوتەر و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان) و (بەکارهێنانی وێنەکان لە سکرینەکاندا) و (دیزاینی خشتە و نەخشە و چارت و فلۆچارتەکان) دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا (زمانی بینراو) بە درێژیی قۆناغەکانی دروستبوون و گەشەسەندنی چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتووە، کە گرنگرینیان زاراوەکانی (پەیوەندیکردنی بینراو"Visual Communication")، (دیزاینی پەیوەندیکردن "Communication Design")، (دیزاینی زانیاری "Information Design")ن، کە جارێکی تر هەریەکە لەم زاراوانە بە ئاڕاستە و ڕەهەندی جیاواز هەر ئاماژە دەدەنەوە بە (زمانی بینراو). ئەم هۆکارەی پەیوەندیکردن بەردەوام ئامڕازێکی گرنگ و سەرەکی پڕۆسەی پەیوندیکردن و سەرجەم تێگەیاندن و تێگەیشتنەکانی بووە، چونکە مرۆڤ لە ژیانیدا بەردەوام بە دوای ویست و خواستەکانیدا دەگەڕێت، هەربۆیە هەمیشە بە دوای ئەم ویست و مەبەستانەیدا وێڵە. ئاوەزی مرۆڤیش وەک بنەمای بیرکردنەوە لە ویست و مەبەستەکانی، گشت سەرنجدانەکانی ئەو مرۆڤە ئاڕاستەی ئەو ویست و مەبەستانە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت ئاوەزی مرۆڤ دەزانێت چی دەوێت، هەربۆیە ئاوەزی مرۆڤ چی بوێت بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت. لەم تێگەیشتنەیشەوە، ئامێری بینین (چاوی مرۆڤ)، کە لە ژێر ڕامکردنی ئاوەزی مرۆڤدایە بۆ تێڕامان و بینینی ئەم ویست و مەبەستانە تەرخانکراوە. کەواتە ئاوەزی مرۆڤ چی بوێت ئەوە دەبینێت، بۆیە بە ناچاریش چاوی مرۆڤیش بە دوای ئەو زانیارییانەدا دەگەڕێت، کە ئاوەزی دوای لێدەکات. لەم پڕۆسەی گەڕانەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی ژمارەیەکی بێشوماری وێنە بینراوەکان دەبێتەوە، بەڵام مەرج نییە سەرجەمی وێنە بینراوەکان واتادار بن یان پێداویستییەکانی مرۆڤەکە پڕبکەنەوە. ئەم بێ واتاییەی وێنە بینراوەکانیش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەشێت ئەو وێنە بینراوانە ئەو وێنانە نەبن، کە ویست و مەبەستی مرۆڤەکەی تێدا بێت و دوهەمیشیان بۆ خودی بونیادی (بەشداربوو و کەرەستە و ڕەنگەکانی) وێنە بینراوەکە دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگە یەکخستنیان هێندە پتەو نەبێت، کە بتوانێت واتای مەبەست بگەیەنێتە بینەرەکەی. وێڕای ئەم بێ واتاییەی وێنە بینراوەکان بۆ بینەر، کە بارگرانییەک بۆ ئاوەزی مرۆڤەکە زیاد دەکات، لە هەمانکاتیشدا مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەم وێنە بینراوە نامەبەستانە بپارێزێت و چاوی بنوقێنێت و نەیان بینێت. ئەم ڕاستیانەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە جیهانی ئەمڕۆکە زیاتر جیهانێکی وێنەییە و وێنەکان سەرجەمی کون و قوژبن و ئاڕاستە و ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتیان تەنییوە و مرۆڤیش

لە ناو ئەم جیهانە تەنراوە بە وێنەیەدا دەژی. بەمشێوەیە جیهانی تەکنەلۆژیایی ژیانی مرۆڤ و داهێنانی ئامڕازە هەمەچەشنە نوێیە بەردەوامەکانی پەیوەندیکردنی بینراوی وەک (تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، تابلێتە هەمەچەشنەکانی ئایپاد و ئایفۆن و مۆبایلە زیرەکەکان و پڕۆگرامە جۆراوجۆرە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەندیکردنی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و...هتد) زۆر بە شێوەیەکی قوڵ کاری کردۆتە سەر پنت بە پنتی ژیانی گشتی کۆمەڵگاکان و ژیانی تاکگەرایی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکان، چونکە (شاشەکان"Screen") زۆر زیاتر لە (پەڕەی کاغەزەکان) لە ئێستادا کەناڵێکی زاڵە بۆ خستنەڕووی پەیوەندیکردن، کە تێیدا وێنە و لۆژیکی وێنە هەژموونی هەمەکی بە سەر ڕێکخراوەی هێما بینراوەکانی ناو سکرینەکان هەیە. بێگومان ژیانی مرۆڤ لەوەها نێوەندێکدا پێویستی بە خۆئامادەکردن هەیە بۆ مامەڵەکردنێکی سەردەمییانە و ڕەخساندنی توانای گونجاندن و دانوستان لەگەڵ کەسایەتی ئەم جیهانە نوێیە و دەق و شێوە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن. ڕەخساندنی ئەم ژینگە هاوسەنگەش بۆ مرۆڤ لە ناو ئەم جیهانە نوێیەی زانیاری بینراودا هەروا سانا نییە و چەندین گفتوگۆی شێلگیرانەی لە سەر ئەمجۆرە نوێیانەی پەیوەندیکردنی بینراو هێناوەتەکایەوە، بە ڕادەیەک خودی (زمانی بینراو)یان خستۆتە نێوان دوو جەمسەری قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، چونکە کۆمەڵگاکان بەردەوام بە شوێن پاراستنی شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان و ئەندامەکانیانەوەن و لە بەرانبەریشدا تاکەکان هەمیشە بە شوێن بوون بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ئاڕاستە نوێیانەی پەیوەندیکردنەوەن، کە (زمانی بینراو)* پێکدەهێنن. بەم شێوەیە (زمانی بینراو) هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، کە بەرهەمهێنەران و دیزاینەرانی وێنە لە ڕێگەی سکرینەکانەوە دەیانخەنەڕوو بۆ بینەرەکانیان و دەیانەوێت لە ڕێگەی تەماشاکردنی بینەرانەوە بۆ وێنە وەستاو جوڵاوەکان کارلێکیان لەگەڵدا بکەن و کاریان تێبکەن و بیر و چەمک بگۆڕنەوە. بەمەش دەکرێت شیکردنەوەیەکی تەواو زمانەوانییانە بۆ خودی وێنەکانی ناو سکرین بکرێت و بگوترێت، ئەگەر (زمانی نوسراو) خۆی لە دیاریکردنی وشە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکان و ڕێسا و یاساکانی پێکهێنانیان ببیننەوە، ئەوا (زمانی بینراو)یش ڕاستەوخۆ خۆی لە دابینکردنی (وێنە جیاوازەکان)، کە بەرانبەر بە (وشە فەرهەنگییەکان) لەگەڵ (دیزاینکردنی ئەم وێنە بینراوانە)، کە هەمبەر دەبێت بە (ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان) دەبینێتەوە، تاوەکو بەرهەمهێنەران و دیزاینەرانی (زمانی بینراو) بە هەمان پێودانگ و ئاستی بەرهەمهێنانی قسەکەران و نوسەرانی (زمانی گوتراو/ نوسراو)

---

* هەر لە (زمانی بینراو)دا زاراوەکانی (دۆکومێنت"Document") و (وێنە "Image") و (هونەری وێنە "Graphic") بەرانبەر بە زاراوەی (دەق"Text")ی (زمانی نوسراو) لە نوسینی سکرینیدا بەکاردێن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
Hilligos, S. (2002:1-2)

بتوانن داڕشتنی ئازادانەی بێ سنوری دەربڕاوەکان بڕەخسێنن و چەمک و بیرەکانیان بۆ بەرانبەری (بینەر، گوێگر/خوێنەر) بنوێنن. لەم ڕوانگەیەوە زانایان ( Gunther Kress and Theo Van Leeuwen) پێیانوایە، کە:" زمانی ئاخاوتن پەیوەستە بە ناوەکان، کردارەکان، دروستەکانی باس-خواس، لە کاتێکدا زمانی بینراو پەیوەستە بە چوارچێوەکردن، چڕیی ڕەنگ، ڕەنگدانەوە، شێوەی هێماکان، دیزاینی هێما بینراوەکان" ( Kress, G. and Leeuwen,V., T.٢٠٠٦:٢-٤:) هەردوو دروستەی (زمانی گوتراو/نوسراو، زمانی بینراو) دەتوانرێ بەکاربێن بۆ دەربڕینی چەمک و واتاکان. هەرچەندە لە هەندێک باردا هەردوو شێوەکەی دەربڕین درک بە چەشنە هاوشێوەکانی واتا دەکەن (ئەگەرچی بە ڕێگەی جیاوازیش درکی پێیکەن و دەریببڕن)، بەڵام ئەم دوو شێوەیە هەرگیز ئەڵتەرناتیڤی یەکتر نین بۆ دەربڕین، چونکە لە زۆربەی بارەکانی تردا دوو شێوەکە تەواو بە شێوەی جیاواز ژیانی مرۆڤایەتی دەخەنەڕوو. ڕەنگە (دروستەی گێڕانەوە "Narrative Structure")ی شت و ڕووداوەکان زەقترینی ئەو شێوە جیاوازانەی نواندنی جیهانی مرۆڤایەتی بێت لەم دوو شێوەیەی دەربڕیندا. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە (دروستەی گێڕانەوەی بینراو"Narrative Visual Structure") زۆر لە (دروستەی گێڕانەوەی زمانی گوتراو/نوسراو) ئاسانترە هەم بۆ شیکردنەوە و هەم بۆ توانستی هەڵهێنجانی ڕاستییەکان و بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی زیاتر ڕاستگۆیانە، کە نزیک بێتەوە لە ڕاستی فیزیکی. بێگومان ئەم تایبەتمەندییەی زمانی بینراویش لەو ڕاستییەوە هاتووە، کە کۆزانیاری مرۆڤ لە سەر (چەمکە بینراوەکان) هەمیشە لە ڕێگەی ئەزمونی فیزیکییەوە (واتە شارەزایی بەرجەستەوە) بە دەست دێت لە ڕێگەی کاراکردنی (چاوی مرۆڤەوە) لە لایەن ئاوەزی مرۆڤەوە. گرنگی (زمانی بینراو) تەنها لەم جیاوازییەدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو (زمانی بینراو) بۆ سەرجەم بوار و کایەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هەر لە ژیانی ئاسایی خێزان و کۆمەڵگاکان و پیشە و پسۆڕیی و بازرگانی تا بواری پەروەردە و فێرکردن خودی چەمکی بەرفراوانی ڕۆشنبیریش پەلیهاویشتووە. ئەم شۆڕبوونەوەیەی (زمانی بینراو) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنەڕەتدا پێناسەکردنەکانی سەرجەم ئەو بوارانەی ژیانی مرۆڤی گۆڕیووە، بۆ نموونە لە بواری پەروەردەدا (کە کرۆکە واتای ئەم لێکۆڵینەوەیە)، ئەگەر شیکردنەوەی کلاسیکییانە بۆ چەمکی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) زیاتر بریتی بوبێت لە دۆزینەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی (خوێندن و نوسین) و چۆنیەتی و چییەتی پەیوەندیکردن لە ناو کلتوری کۆمەڵگاکەماندا بە شێوەیەک، کە توانامان پێ ببەخشێت بۆ ڕۆچوونە ناو قوڵایی شێوەکان و درکپێکردنی ڕاستییەکان و چونە پشت ئەو جەختکردنە دیاریکراو و سنورداڕەی بۆ شارەزایمان دیاریکراوە، ئەوا لە سەدەی (٢١)دا بیرکردنەوەیەکی بەرفراوان هەیە دەربارەی داهاتووی

چەمکی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) و لەم سەدەیەدا نەخوێندەوار ئەو کەسە نییە، کە (خوێندن و نوسین) نازانێت یان بڕوانامەی ئەکادیمی یان پسپۆڕیی نییە، بەڵکو نەخوێندەوار ئەو کەسەیە، کە شارەزایی نییە لە (زمانی ژمارەیی" Digital Language") و (زمانی بینراو)دا. هەربۆیە لە ئێستادا (دەقی گوتراو و نوسراو) و توانای خوێندنەوە و نوسین وەک بنەمایەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری گۆڕاوە بۆ (دەقە فرەمۆدێلەکان)، کە زۆر لە (دەقی گوتراو/ نوسراو) هەژموندارترە و لە ناو ئەم (دەقە فرەمۆدێلانە)شدا، (دەقی بینراو)ی (زمانی بینراو) لە پڕۆسەی پەیوەندیکردنی بینراودا پێکهاتەیەکی کرۆکییانەی سەرجەم بواری پەروەردە و ڕۆشنبیری و بگرە بواری کارکردن و پیشە و بازرگانی و خودی ژیانیشمانە. هەربۆیە (Goodman:٢٠٠٥ ) گوتویەتی:"بە هۆی زیادبوون و گەشەسەندنی پڕۆگرامی"Software"ی دیزاین و فراوانبونی لەبەردەستدابوونی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرییەوە، پێناسەی کلاسیکییانە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری چیتر تەواو نییە لە جیهانێکدا، کە تێیدا دەقەکانی پەیوەندیکردن بۆ بەکارهێنان بە ڕێگەی نوێ لە ڕێگەی هێما و وێنەکان و تەکنیکی دیزاین و هەروەها لە ڕێگەی وشەکانیشەوە بێت. زۆر زەحمەتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەقێک بدۆزینەوە، کە تێیدا تەنها زمانی ئاخاوتن بەکارهاتبێت" (٢٠٠٥:١٠٤،١٠٥- Goodman, S. and Graddole, D). کەواتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەرکی قوتابخانە و پڕۆگرامی پەروەردە و مامۆستایان تەنها ئەوەندە نییە، کە خوێندکاران فێری (نوسین و خوێندنەوە) بکەن و تەواو، بەڵکو دەبێت هەم پڕۆگرامی خوێندن و هەم مامۆستایانیش پەرە بە تێگەیشتنی خوێندکاران بدەن، چ لەڕووی گەشەسەندنی کۆزانیاری خوێندکار لە سەر کۆدە بینراوەکان چ باڵابوونی توانای خوێندکاران بەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی لە سەدەی (٢١) تێیدا دەژین، کە ئەمجۆرە لە پەیوەندیکردن (واتە زمانی بینراو) بە شێوەی هەمەچەشن و هەمەڕەنگ لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە و ژیانی پیشەیی و کارەکی دوای تەواوکردنی خوێندندا ڕوودەدەن. تەنها بەم ڕێگەیە خوێندکارانمان دەتوانن ببینە (خوێندەوارێکی ڕەخنەگرانە) و لە ژێر چەتری (نەخوێندەواری) دێنە دەرێ، چونکە شیزۆفرینیایەکی پەروەردەییە، ئەگەر ئێمە لە پەروەردەماندا (زمانی بینراو) پشت گوێ بخەین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان ئاشنا نەبن پێی، لە کاتێکدا ژیانی کارەکی دوای دەرچوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندکارانیش بریتی بێت لە ژیان لە ناو (زمانی بینراو)دا و ڕادە و ڕێژەی سەرکەوتنی ئەو خوێندکارە لە پیشەکەیدا بە ڕادە و ڕێژەی زیرەکی و لێهاتووی ئەو بپێورێت لە زمانی بینراودا. بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، کە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ لە سەدەی (٢١)دا، ژیانە لە ناو فرەمۆدێلەکانی خستنەڕوویی وەک (فلیمەکان، ڕیکلامە هەمەجۆرەکان، ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، پڕۆگرامە جیاوازەکانی ئاوێتەکردنی وێنە و

هێماکان و ...هتد)، کە سەرجەمیان بە مەبەستی بونیادنانی پێرەوێکی دروستکردنی واتای جیاواز بەرهەمهێنراون و کاردەکەن، جا پێرەوەکە (زمانیی، ئاماژەیی، بینراو) بێت هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە ئەو پێرەوانە ڕۆڵێکی بنەماییان لە ژیانماندا هەیە. هەربۆیە لە بواری پەروەردەشدا پێویستە ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت و بزانرێت، کە ئەم پێرەوە جیاوازانەی دروستکردنی واتا وای لە قوتابخانەکان کردووە، کەچیتر تەنها جێگەیەک نەبن (بۆ نموونە لە بواری فێرکردنی زماندا) تەنها بۆ ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان بە مەبەستی شیکردنەوەی زمانی کۆمەڵگا و ستانداردکردنی زمانی نەتەوەیی نەتەوەکە، بەڵکو دەبێت قوتابخانە ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ خوێندکاران بۆ چوونە ناو ژیانی هێما و وێنەکانەوە بە شێوەیەکی دروستی پەروەردەییانەی پەیوەست بە (ڕێزمانی بینراو)ی (زمانی بینراو)ەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە چیتر توانای خوێندنەوەی زمانی نوسراو توانا نابەخشێت بە خوێندکارەکانمان بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانیان. کەواتە لە ئێستادا بۆ قەڵاچۆکردنی (نەخوێندەواری هەمەچەشن) پێویستمان بە (خوێندەواری فرەچەشن) دەبێت، کە بتوانێت توانای بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە دەقە فرە مۆدێلەکان برەخسێنێت. ئەمجۆرە تێگەیشتنە لە (زمانی بینراو) و کاریگەری لە ژیانی مرۆڤدا بووە، کە وای لە زانایان

(Kress ٢٠٠٦ )کردووە، کە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ بکەن لە سەر (زمانی بینراو) و لە پەرتوکی (Reading Images: The Grammar of Visual Design) (٢٠٠٦ Kress, )بیخەنەڕوو و بنەمایەکی بەهێز بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و تێگەیشتن لە (زمانی بینراو) دابمەزرێنن، کە لە ئێستای زمانەوانیدا بە زاراوەی (ڕێزمانی بینراو) ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە ڕاستیشدا خودی بیرۆکەی داهێنان و بەکارهێنانی (ڕێزمانی بینراو) بۆ فێربوون و فێرکردنی (زمانی بینراو) لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوا ڕێزمانی زمانی بینراو و ڕێزمانی زمانی نوسراو زۆر لە یەکتر دەچن و لە بنەڕەتدا ڕێزمانی زمانی بینراو لە سەر بنەمای ڕێزمانی زمانی نوسراو هەڵزنراوە. بۆیە ئێمە ئەگەر بمانەوێت خوێندکارانمان شارەزاییەکی پسپۆڕیی لە زمانی بینراودا پەیدا بکەن و بتوانن لە ژیانی کارەکی خۆیاندا بە گەڕی بخەن، ئەوا پێویستە فێری (ڕێزمانی بینراو) ببن، تا بتوانن بە هۆی شارەزاییان و ببنە پسپۆڕ. بەمەش بە دوور دەبن لە نەخوێندەواری/ڕۆشنبیری فرەچەشن. کەواتە گرنگی شارەزایی پەیداکردن لە (ڕێزمانی بینراو)دا بۆ خوێندکارانمان لە خودی گرنگی زمانی بینراوەوە دێت، چونکە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی بینراودا بە هۆی (زمانی بینراو)ەوە گرفتێکی سەرەکی دێتە بەردەم زمانی بینراو، کەوا دەکات زمانەکە دینامیکییەتی خۆی لەدەست بدات یان کەم ببێتەوە، کە ئەویش خۆی لە نەبوونی ڕێزمانی ڕێکخستنی هێماکان و وێنەکان لە زمانی بینراودا دەبینێتەوە،

چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمهێنەران و دیزاینەرانی زمانی بینراو هەموو واتای ئاوەزیان بگەیەننە بەرانبەر و بینەریش نەتوانێت بە تەواوەتی لە واتا خراوەڕووەکە تێبگات. بۆیە شارەزابوون لە (ڕێزمانی بینراو)دا ئەزموون پەیداکردن لە زمانی بینراودا دەرەخسێنێت. بەمەش خوێندکارەکانمان دەبنە خاوەنی (ڕۆشنبیری بینراو). نەبوون و ڕەنگنەدانەوەی (ڕێزمانی بینراو) لە سەرجەمی (زمانی بینراو)ی خۆماڵی کوردیدا هێندەی تر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری خستۆتە لێڵییەوە، چونکە مرۆڤی کوردیش وەک هەموو مرۆڤەکانی تری ئەم سەر زەمینە لە جیهانی تەکنەلۆژیا و زمانی بینراودا دەژی و بە ناچاری بێت یان بە ویستی خۆی بێت ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەمجۆرە زمانە دەبێتەوە، بۆیە نەشارەزابوون لە زمانی بینراودا جارێک ژیانی ئاڵۆزکاندووە، بەڵام نەبوون و ڕەنگنەدانەوەی (ڕێزمانی بینراو) لەو زمانە بینراوەی ڕۆژانە لە (کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن و...هتد) ڕووبەڕوومان دەبێتەوە دووجار ژیانی ئاڵۆزکاندووین. هەربۆیە پێویستمان بە چەندان توێژینەوەی سەربەخۆی بوێرانە هەیە لە بواری (زمانی بینراو)ی خۆماڵیدا، کە لە سەر بنەمای (ڕێزمانی بینراو) ڕێکخرابێت و هەر لە سەر بنەمای ئەم ڕێزمانەش خرابێتە سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاکی کوردەوە، هەر لە بواری ئامێرەکانی کات بە سەربردن و بواری پیشەسازی و بواری بازرگانی و بواری ڕیکلامکردن تا دەگاتە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگاکەمان. هەربۆیە ئەم ڕاستییە زانستی و تیۆرییەی (زمانی بینراو) لێکۆڵینەوەکە ناچار دەکات، کە چنینێکی وردی تیۆری و کارەکییانە بۆ (ڕێزمانی بینراو) لە تەوەرەی دوهەمدا بچنێت.

## ٢) ڕێزمانی بینراو:

ڕێزمانی بینراو زیاتر مەبەست لێی ڕێسا و یاسای ڕێکخستنی هێما بینراوەکانی زمانی بینراوە، واتە زمانی بینراو وەک هەر زمانێکی تری پرۆسەی پەیوەندیکردن (چ زمانی گوتراو بێت چ زمانی نوسراو بێت چ زمانی ئاماژ و جەستە بێت) خاوەنی ڕێسا و یاسای تایبەت بە خۆیەتی و بنەمای بەکارهێنانی زمانەکەیە، کە بە بێ شارەزایی لە بەرکاهێنانی ئەم ڕێسا و یاسایاندا (واتە ڕێزمانی بینراو) بەکاربەری زمانەکە ناتوانێت سەرکەوتووانە زمانی بینراو بەکاربهێنێت، هەربۆیە ڕێزمانی بینراو دەبێتە کرۆک و بنەمای زمانی بینراو. وردبونەوە لە چەمک و فۆڕمی (ڕێزمانی بینراو) ڕاستەوخۆ دەمانبات بۆ ڕامان لە هەریەکە لە چەمک و فۆڕمی (ڕێزمان) و چەمک و فۆڕمی (بینراو) بە شێوەیەکی جیا و سەربەخۆ.

لە سەرەتادا پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکاری (ڕێزمان) و چەند و چوونەکانی لە ڕێکخستن و هەڵهێنجانی ڕێساییانەی واتای کەرەستە بینراوەکاندا، وا پێویست دەکات لە خودی کەرەستەکانی ئەم ڕێزمانە بدوێین، کە (هێما بینراوەکان)ە. (هێمای بینراو) لە زمانی بینراودا دەتوانرێت بەرانبەر بە (وشە/لێکسیم) لە زمانی گوتراو/نوسراودا ڕابگیرێت. لەم یەکسان ڕاگرتنەی (هێمای بینراو) بە (هێمای گوتراو/نوسراو)دا دەکرێت مامەڵەکردنیشمان لەگەڵ واتای (هێمای بینراو)دا هەمان مامەڵە بێت، کە لەگەڵ واتای (هێمای گوتراو/نوسراو)دا دەیکەین.

بەمەش دەکرێت (واتای فەرهەنگی/سیمانتیکی) و (واتای پراگماتیک)ی (هێما بینراو)ەکان شیبکرێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بیربکەینەوە لە گرنگی ڕامان لەم (هێما بینراو)انە، کە بە هۆیانەوە کەسایەتی تاکەکان نەک تەنها ناوی کەسەکان، لایەنی ڕوون و تاریکی شتەکان نەک هەر خودی شتەکان، مەودا تەسک و بەرفراوانەکانی شوێنەکان نەک تەنها شوێنەکان، هەنگاو بە هەنگاوی جوڵەی جوڵاندنەکان نەک تەنها ناوی جوڵاندنەوەکان) بنوێنرێت. کەواتە ئێمەی مرۆڤ لە مێژە کۆکین لە سەر گرنگی (هێمای بینراو)، جا ڕەنگە ئەم گرنگی و ناوکۆییانە لە سەر گرنگی ئەمجۆرە کۆدانە لەو گۆشە نیگا جیاوازانەی مرۆڤەوە هاتبێت، کە لە سەر ئەم کۆدانە هەیبووە و هەیەتی، یان ڕەنگە لە تێگەیشتنی مرۆڤ لە سەر گرنگی خودی هونەرەوە هاتبێت، یاخود دەشێت لە توانستی مرۆڤەوە بۆ درکپێکردنی بە (جوانی)یەوە هاتبێت، یان لەوانەیە لە ناچاربوونی مرۆڤەوە بوبێت (کە زۆرجار ناچارییانە بە هۆی چاوەکانییەوە ئەم هێمان بینراوانە دێنە بەرچاویان)، یان دەبێت ئەم بەگرنگ دانانەی هێمای بینراو لای مرۆڤ لە خودی ئەرکی ئەم هێما بینراوانەوە هاتبێت، کە دەتوانرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا بینین و چەندین واتای ڕاستەوخۆ و واتای ناڕاستەوخۆی پێ بگەیەنرێت. هۆکارەکانی جیاوازبوونی ئەم ناوکۆییانە لە سەر گرنگی (هێمای بینراو) لە ڕاستی پێویستی ئەم کۆدانە لە ژیانی مرۆڤدا کەمناکاتەوە. بەمشێوەیە ئەگەر (هێمای بینراو) بە تەنها ئەم گرنگیە واتاییەی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەبێت، دەبێت چەندان جار بیربکەینەوە لە گرنگی واتایی ئەم هێما بینراوانە، ئەگەر بخرێنە تەکیەک یان تێهەڵکێش بکرێن بە شێوەیەکی ڕێکخراوی پێڕەوبەندانە. لێرەوە گرنگی چەمک و فۆڕمی دوهەمی (ڕێزمانی بینراو)، کە (ڕێزمان)ە دەست پێدەکات. چەمکی (ڕێزمان) لە تێڕوانینی چاولێکەرانەی زمانەوانیدا پێشنیازی (ڕێسا و یاسا)کان دەکات. کەواتە دەکرێت بگوترێت: " ڕێزمان بریتییە لە پۆلێ لە یاسا، کە پێویستە قسەکەر ملەکەچیان بێت، ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی دروست و ڕێگایەکی شیاوی کۆمەڵایەتییانە بئاخاوێت" (Larson, K. R,٢٠١٠:٦٦ ). کەواتە بە هۆی ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانی زمانی گوتراو/نوسراوەوە دروستەکان لێکدەدرێن بۆ پێکهێنانی بۆتەی

ڕێزمانی گەورەتری وەک (گرێ، ڕستە، دەق)، بەهەمانشێوەش وێنەی (وەک هێمایەکی بینراو) کەسەکان و شتەکان و شوێنەکان و جوڵاندنەوەکانیان لە بۆتەیەکی بینراوی گەورەتردا لێکدەدرێن بۆ گەیاندنی واتا. بەمشێوەیە دەشێت (وێنەی بینراو) وەک (دەق)ێکی زمانی ببینرێت/بخوێنرێتەوە و واتای لێ هەڵبهێنجرێت. بەمەش دەکرێت چەمکی (ڕێزمان)ی بە شێوەیەکی (ئاوەڵواتاییانە"Metaphorical") بە سەر هێما بینراوە لێکدراوەکان (وێنەی بینراو) جێبەجێ بکرێت. لێرەشەوە دەکرێت بڵێین (ڕێزمان) تەنها بریتی نییە لە پۆلێک یاسا بۆ دروست بەکارهێنانی زمان، بەڵکو زیاتر بریتییە لە پۆلێکی سەرچاوەیی بونیادنانی کۆمەڵایەتی بۆ دەربڕینی واتا. هەر لە بارەی ئەم گۆڕانە میتافۆڕییانەی چەمکی (ڕێزمان)ەوە، (هالیدەی) دەڵێت:"ڕێزمان دەچێتە پشت یاسا شێوازبەندەکانەوە بۆ مەبەستی ڕاستکردنەوە و هەڵبژاردن. ئەمەش لە خۆیدا ڕێگەی خستنەڕووی شێوە جیاوازەکانی شارەزایی مرۆڤە. بەمەش توانا بە مرۆڤەکان دەبەخشێت، تا وێنەی ئاوەزیی بۆ ڕاستی بونیاد بنێن، تاوەکو لە شارەزایی خۆیان تێبگەن بۆ ئەو شتەی لە ناو خۆیان و دەوروبەریاندا ڕوودەدەن"( Haliday١٩٩٤:٣٤٣ ). ئەگەر ئەم بۆچوونە بۆ ڕێزمانی گوتراو/نوسراو ڕاست بێت، ئەوا بێگومان بۆ ڕێزمانی زمانی بینراویش (ڕێزمانی بینراو) ڕاستە، چونکە دروستەی هێما بینراوەکان لێکدانەوەیەکی بنجی بۆ شارەزایی مرۆڤ و ئاوێتە بوونە کۆمەڵایەتییەکانی دەخەنەڕوو. کەواتە مرۆڤ بە پێی توانستە درکپێکردنەکانی بۆ وەرگرتن و نواندنی زانیاری و کۆزانیاری دەتوانێت زانیارییەکانی ئاوەزی بە شێوەیەکی (چ زمانیی چ وێنەیی) بخاتەڕوو، جا بە بەکارهێنانی هەردوو کەناڵی (زمان و بینین) بێت یان تەنها یەکێکیان بێت، کەواتە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکان و لێکدانیان لە قاڵبێکی ڕێزمانی دروستدا قسەکەر/نوسەر دەتوانێت واتای ئاوەزی دەربڕێت، بە هەمانشێوەش لە زمانی بینراودا لە ڕێگەی هەڵبژاردن لە نێوان (هێما بینراوەکان)دا بە هۆی هەڵبژاردن لە نێوان (ڕەنگ و چڕیی ڕەنگ و قەبارە و ...هتد) هێما بینراوەکان و لێکدانیان لە بۆتەی وێنەیەکی بینراوی وەستا و یان جوڵاودا دەتوانرێت واتا بنوێنرێت. بەمەش چەمکی (ڕێزمانی بینراو) دەنەخشێت. لە ڕاستیدا کرۆکە واتای چەمکی (ڕێزمانی بینراو) لە چەمکی (ڕێزمانی پەیوەندییانە" Relational Grammar")[*]ەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە ئەمیش (واتە ڕێزمانی پەیوەندی) یەکێکە لە ڕەهەندە هەرە گەشەسەندووەکانی ڕێزمانی شێوەییانە ""Formalism Grammar

[*](ڕێزمانی پەیوەندییانە"Relational Grammar") زیاتر تیۆرییەکی ڕستەسازییە مەبەست لێی ئەوەیە، کە پەیوەندی ڕێزمانی نێوان کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەدا ئامرازێکی سودبەخشە بۆ دیاریکردنی خودی یاسا ڕستەسازییەکان. لەم جۆرە ڕێزمانەدا هەر پێکهاتەیەکی ڕستەیی وەک (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ژمارەیان لێدەدرێت و پێکهاتەی (کردار)یش


(Wittenburg, K., and Weitzman, L,١٩٩٧:١٩١). بە هەمانشێوەی ڕێزمانی پەیوەندی (کە لە سەر بنەمای پەیوەندی کەرەستە زمانییەکانی ناو ڕستە خودی یاسا سینتاکسییەکان دیاریدەکات)، (ڕێزمانی بینراو)یش لە سەر بنەمای ڕێکخستن و گونجاندنی هێما بینراوەکان و پەیوەندی نێوانیان لە بۆتەی دەقێکی بینراودا ڕێسا و یاساکانی زمانی بینراو دیاریدەکات، کە بە هۆیانەوە بەرهەمهێنەر/دیزاینەری زمانی بینراو چەمک و واتاکانی ئاوەزی دەنوێنێت. کەواتە کاتێک دیزانەرەکە بیرەکانی خۆی بە هێمای بینراوی ڕێکخراو لە سەر سکرین دەخاتەڕوو،ئەوا ڕاستەوخۆ بینەر/خوێنەر هێما بینراوە لێکدراوەکان دەکەوێتە پێش چاوی و بە بیرکردنەوە لە چەندین چەشنی جیاوازی وەک (قەبارەی هێما بینراوەکان، وردەکارییەکانی هێما تایپکردنی هێما بینراوەکان، ڕەنگ و چڕیی ڕەنگەکە، وێنە ڕونکارییەکانی ناو دیزاینکراوەکەی و ...هتد) دەستدەکات بە وەرگرتنی پەیامی نێرەر. بەمەش دەردەکەوێت، کە بینەرەکان/خوێنەرەکان خوێندنەوەیان بۆ دەقە بینراوەکە و حوکمرکردنیان لە سەری و هەڵهێنجانی واتا لێوەی لە سەر بنەمای شارەزاییان ڕادەوەستێت لە چۆنیەتی و چییەتی دیزاینکردنی ئەو هێما بینراوانە بە (ڕێزمانی بینراو). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، کە: "پەیوەندیکردن بە زمانی بینراو، کە بە ڕێزمانی بینراو بەرهەمهاتبێت زیاتر پەیوەندیکردنێکی ڕەوانبێژییانەیە" "Rhetorical (Hilligos,٢٠٠٢:٢-٣"). ڕەنگدانەوەی بنەمای ڕەوانبێژییانە لە زمانی بینراودا لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی (ڕێزمانی بینراو)ە، هەربۆیە چەندە ڕێزمانی زمانە بینراوەکە توند و

---

بە هێمای (P)، کە کورتکراوەی/هێمای (بەشە کردار"Predicate")ە ئاماژەی بۆ دەکرێت. بەمشێوەیە لە ڕستەیەکی وەک (١)دا:

(١) خونچە بۆ بازاڕ دەڕوات.        خونچە=١ ، بۆ بازاڕ=٢ ، دەڕوات=P

بەمشێوەیە پەیوەندی نێوانیان لە وێنەیەکی ڕوونکاری وەک (وێنەی ١)دا دەکرێت بنوێنرێت:




خونچە بۆ بازار دەڕوات

وێنەی (١)

لەم وێنەیەدا تەنها یەک (چین "Stratum")ی پەیوەندی لە نێوان کەرەستەکاندا بونی هەیە لەگەڵ کردارێکی ئەو چینە پەیوەندییە، کە بە هێمای (P) ئاماژەی بۆکراوە. لە ئێستادا ئەم ڕێزمانە و جێبەجێکردنەکانی دەچنە پشت تاقیکردنەوەی ڕێکخستنی (هێما بینراوەکان)ەوە بە هۆی ئەم ڕێسا و یاساییانەوە لێکدەدرێت و واتای بە شێوەیەکی بینراوی پێ دەردەبڕدرێت. بەم ڕێگا و ڕێبازی دەربڕینی زمان بینراویش دەگوترێت (ڕێزمانی بینراو). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

( Blacke, J. B. 2005:1-5)

تۆڵ و دروست بێت، هێندەش کاریگەری زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی تەواو دروستە. قۆناغی ڕەوانبێژییانەی زمانی بینراو هەر لە یەکەم بیرکردنەوەی دیزاینەرەوە دێت، کاتێک بیر لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی هێما بینراوەکان دەکاتەوە. بەمشێوەیە هەروەک چۆن قسەکەر/ نوسەر لە زمانی گوتراو/نوسراودا هەمیشە دەگەڕێت بە شوێن هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و بۆتەی ڕێزمانی شیاو بۆ دەربڕینی بیرەکانی بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، ئاوەهاش دیزاینەری زمانی بینراو بەردەوام بە شوێن هێمای بینراوی گونجاو و لێکدانی شیاوتردا دەگەڕێت بۆ خستنەڕووی بیرەکانی. تەنها بەم کارەش چ (قسەکەر/نوسەر) چ (دیزاینەر) دەتوانێت زۆرترینی ڕاستی و ڕاستەقینەکان لە خستنەڕووی بیرەکانیدا ڕەنگپێبداتەوە و تا ئەوپەڕی توانا لە ڕاستگۆیی نزیک ببێتەوە. بە مەبەستی تێگەیشتنی وردتر و قوڵتر لە ڕێزمانی بینراو با بیر بکەینەوە لە پرۆسەی (ڕێزمان) لە زمانی نوسراودا و دواتریش بەراوردی بکەین بە ڕێزمانی بینراو. نوسەر لە نوسینی ئاسایی خۆیدا پەیڕەوی سەرجەم ڕێسا و یاسا باوەکانی چۆنیەتی و چییەتی نوسین لە ناو زمانەکەیدا دەکات. بۆیە هەمیشە لە نوسینەکەیدا بیر دەکاتەوە لە (ڕێکخستنی وشە هەڵبژێردراوەکان لە هێڵێکی ئاسۆیدا لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپ "بۆ نوسین بە ئەلفوبێی عەرەبی" یاخود لە لای چەپ بۆ لای ڕاست "بۆ نوسین بە ئەلفوبێی لاتینی"، هەروەها دانانی بۆشایی گونجاو لە نێوان وشەکان و بەکارهێنانی هەمان قەبارە و ڕەنگ و شێوە نوسین لە نوسینی وشەکاندا. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەندین یاسای فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی تایبەت بە تێکبەستنی فۆنێم و مۆرفێمەکان "هاودەنگ/ئەلەفۆن و ئەلۆمۆرفەکانیان" و بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکی نوسینی ڕستەیەکی تر، بە سەرجەم ئەم کارەش ڕستەکان دەنوسین لە شێوەی پەرەگرافیکی ڕێکخراودا، بە مەبەستی دروستکردنی دەقەکان و گەیاندنی واتای مەبەست). نوسەر تەنها بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دەتوانێت ساناتر پەیوەندی بکات بە خوێنەرەکەیەوە و خوێنەرەکەشی ڕاستەوانە لە واتای نوسراوەکە تێبگات، هەروەک لە نموونەی (١)دا دەخرێتەڕوو:

(١) ئەو کورەی، لەگەڵت بوو، برای دراوسێی خاڵوانمە.

بە وردبوونەوە لە ڕستەی (١) هەمو خوێنەرێکی ئاسایی، سانایییانە لە واتای ڕستە خوێندراوەکە تێدەگات. بێگومان ئەمەش بە هۆی جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێسا و یاساکانی زمانی نوسراوەوە بووە، بەڵام ئەگەر هەمان ڕستەی (١) ڕێسا و یاسای ڕێزمانی تێدا جێبەجێنەکرێت، ئەوا شێوە نوسینێکی نالێکدراوەی نالۆژیکی وەک (٢) بەرهەم دێت، کە نەک هەر تێگەیشتن لێی ئاڵۆزە، بگرە خوێندنەوەی بارگرانییە بۆ ئاوەزی خوێنەر:

(٢) ئـــــەو

کوڕ

ەی

لە گەڵ ت

بوو

برا ی

دراوس ێ ی خاڵ وا

ن م

ە

ئێستا لە نموونەی (١) و (٢)ەوە، دەکرێت دوو نموونەی (٣) و (٤) لە زمانی بینراودا بهێنرێتەوە، کە لە نموونەی (سەرجەم ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانی بینراو) جێبەجێکراوە و بینەر واتایەکی ڕوونی لێ بە دەست دێنێت، بەڵام لە بەرانبەردا و لە نموونەی (٤)دا زیاتر هاوشێوەی نموونەی (٢)وە و تێگەیشتن لێی و هەڵهێنجانی واتا لێوەی کارێکی زەحمەتە:

(٣)



وێنەی خەیاڵی (فریشتە)، کە ڕوون و ئاشکرایە و پێڕەوی ڕێزمانی بینراوی تێدا کراوە

(٤)



وێنەی خەیاڵی (فریشتە)، کە ڕوون و ئاشکرا نییە و پێڕەوی ڕێزمانی بینراوی تێدا نەکراوە

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە (زمانی بینراو) بە بێ بنەمایی (ڕێزمانی بینراو) تێیدا نەک هەر ناتوانێت واتای ئاسایی هێمایەکی بینراوە لێکدراوەکان بگەیەنێت، بگرە خودی ئەو واتا ئاساییەش ون و لێڵ دەبێت، کە تاکە هێمایەکی بینراو خاوەنیەتی. لە ئێستای زمانی بینراودا (چ زمانی بینراوی دەقە چاپکراوەکان و خشتەکان و چارتەکان و فلۆچارتەکان و...هتد بێت، چ زمانی بینراوی وێنەکان بێت گرنگی بێشومار دەدرێت بە ڕەنگدانەوەی خودی چەمک و فۆڕمی (ڕێزمانی بینراو) تێیدا، کە لەگەڵ نوێی ڕێزمانەکەشدا، بەڵام مێژوویەکی گەشەکردووی گرنگی پێدان پێی لە سەرجەم لێکۆڵینەوە جیاوازەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا داگیرکردووە و داگیریشی دەکات*. بەمەش لە

---

* (ڕێزمانی بینراو) بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە حاڵەتی سڕبووندا بووە، بە هۆی ئاڵۆزییەکانی ناو زمانی بینراو لە چۆنیەتی و چییەتی مامەڵکردن لەگەڵ هێما بینراوەکان و نەبوونی ئامێری تەکنەلۆژیای پێویست لەمبارەیەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز ڕێگر نەبووە لە ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و دانانی ڕێبازی شیکردنەوەی هەمەچەشن لە سەر (ڕێزمانی بینراو)، بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە ئامێرە تەکنەلۆژیایەکان و داهێنانە یەک لە دوای یەکەکانی تەکنەلۆژیا و لەبەردەستدابوونی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ئەم کارەی گەلێک ئاسانتر کردووە و بووە بە پێویستییەکی ڕۆژانە. لەگرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەش، کە شیانیان خستۆتە بەردەم ژیانەوەی (ڕێزمانی بینراو) و دەرچوون لە قۆناغی سڕبوون، لێکۆڵینەوەی زانایان (Song-Chun and Munford)، کە خاوەنی ڕێبازی (And-or Graphic) بوون، هەروەها کاری زانایان (Tian-Fu,Gui-Song and Sng-Chun)، کە خاوەنی ڕێبازی (Bottom-Up ، Top-Down Validation) بوون. گرنگترین ڕێبازیش بۆ لێکدانەوەی (ڕێزمانی بینراو)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانایان (FengHag and Song-Chun) بووە، چونکە ئەمان ڕێزمانی بینراویان بەکارهێناوە بۆ شیتەڵکردنی وێنەی ڕووداو و شوێنی ڕوودانیان لەگەڵ بابەت و کەرەستە دروستکراوەکانی وەک (خانوو و بیناکان، چێشتخانەکان، ژووری دانیشتن و دیزاینی گشتی کەلوپەلی ناوماڵ و ...هتد). بەمەش ئەمان شەش یاسایان داناوە بۆ ڕێزمانی بینراو و چۆنیەتی کارکردنی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مێژووی سەرهەڵدان و خڕنۆلۆژی گەشەسەندنی (ڕێزمانی بینراو)، بڕوانە:

قۆناغە گەشەسەندووەکانی زمانی بینراوی ئەمڕۆکەدا، کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی داپۆشیووە، شارەزایی لە ڕێزمانی بینراودا واتای شارەزایی لە زمانی بینراودا دەبەخشێت. ئەمەش واتای سەرکەوتن و خۆشنودی زیاتر و زۆرتر لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا مسۆگەر دەکات. کەواتە هۆکاری سەرەکی دانان و نوسینی ڕێزمانێک بۆ زمانی بینراو هەر هەمان هۆکارە، کە بۆ نوسین و دانانی ڕێزمانی هەر زمانێک لە بەرچاوگیراوە. ڕێزمانی بینراو مەبەستیەتی کەرەستە بنەماییەکانی زمانی بینراو بناسێنێت، شێوە جیاوازەکان و پرۆسەکانی زمانی بینراو شیبکاتەوە و پەسن بکات. ئەمە جگە لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان هێما بینراوە تاکەکانی ناو زمانی بینراو. هەربۆیە لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات لە وەچەپارەکانی داهاتووی ئەم تەوەرەیەدا کار لە سەر شیکردنەوەی هەریەکە لەم ئاڕاستە و ڕەهەندە جیاوازانەی خودی ڕێزمانی بینراو بکات.

### ١/٢) کەرەستەی دروستکردنی هێمای بینراوەکان:

هێمای بینراو، کە لە زمانی بینراودا لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو واتایەک دەگەیەنێت، شێوەیەکی دروستکراوە و لە ئەنجامی بەیەکەوە بەستنی ڕیساییانەی چەند کەرەستەیەکەوە دێتەبوون. واتە هەموو هێمایەکی بینراو لەم کەرەستانەی خوارەوە دروست دەبێت(لێکۆڵینەوەکە لەم خستنەڕووەیدا پەیڕەوی کاری زانا Christian Leborg دەکات):

١) خاڵ ( • ): خاڵێکی تاک و تەنها سادەترین فۆڕمە، کە دەتوانرێت بنوسرێت و بکرێتە بنەمای دەستپێک بۆ دروستکردنی وێنەیەکی بینراو، وەک نموونەی (٥)، کە فۆڕمی خاڵێکی وەک (ا)ە:

(٥) •

خاڵی (ا)

٢) هێڵ: بریتییە لە درێژبوونەوەی خاڵێک بۆ خاڵێکی تر، واتە خاڵەکانی هەمان قەبارە، کە نزیکەییانە دەکێشرێن و بۆشایی لە نێوانیاندا نییە. وەک نموونەی (٦)، کە بریتییە لە وێنەی هێڵی (١)، کە لە لکاندنی خاڵی (ا) و (ب)ەوە دروستبووە:

(٦)





وێنەی هێڵی (١)

---

(Melendez, A. Enriquesucar, L. and Morales, F., E. 2010:493-502. )

٣) شێوە: کاتێک لە درێژبوونەوەی خاڵێک بۆ خاڵێکی تر (هێڵ)ێک دروست دەبێت، ئەوا ئەو کاتە دەشکرێت لە پەیوەستکردنی هێڵەکان شێوەی جیاواز دروست بکرێت. بۆ نموونە لە پەیوەستکردنی هێڵەکانی (١) و (٢) و (٣)، کە هەر هێڵێکیان لە دوو خاڵی پەیوەست بەیەکی وەک (ا و ب)، (ب و پ)، (ج و چ) دروستکراون، دەتوانرێت شێوەیەکی بینراوی وەک سێگۆشەی (٤) وێنا بکرێت، کە وەک یەکەیەکی هێمای بینراو وایە لە زمانی بینراودایە، بڕوانە نموونەی (٧):


(٧)




**وێنەی سێگۆشەی (٤)**

کەواتە تێکەڵکردنی خاڵەکان و هێڵەکان بۆ ناو ئەو شێوانەی، کە لە سروشتدا بونیان هەیە دەکرێت بە هۆی دیزاینکردنی تایبەتەوە پەیوەست بە ڕێساکانی ڕێزمانی بینراوەوە چەندین شێوەی هەمەچەشنیان لێ دروست بکرێت، بۆ نموونە لە نموونەی (٧)ەوە دەکرێت بە زیادکردنی هێڵی ئاڕاستە هەمەچەشن، دەکرێت چەندین شێوەی ماتماتیکی وەک نموونەکانی (٨ و ٩ و ١٠) دروست بکرێت، کە هەریەکەیان هێمایەکی بینراوی زمانی بینراوە و واتایەک دەبەخشێت:


(٨)




وێنەی


(شێوەی بیرکاری جۆراوجۆر بە زیادکردنی هێڵی ئاڕاستە جیاواز )

(٩)



وێنەی (شێوەی بیرکاری جۆراوجۆر بە بەکارهێنانی کەرەستەی بینراوی ڕەنگکردن)

(١٠)



وێنەی (شێوەی بیرکاری جیاواز بە دیاریکردنی خاڵی دوو ڕەهەندیی پێکەوە لکاو )

بەمشێوەیە لە پەیوەستکردنی خاڵەکانەوە، هێڵەکان دروستدەکرێن و لە پەیوەستکردنی هێڵەکانیشەوە شێوە جۆرا و جۆرەکان بونیاد دەنرێن. پاشان لەم شێوە جۆراو جۆرانەوە هێزی ئاڕاستەکردنی چاوی بینەر و سەرنجدانەکانی و بەشداریی ڕەنگ و پلەکانی بەکارهێنانی هاوسەنگیی لە نێوان شێوە لکێندراوەکاندا جا (هاوسەنگ ڕاگرتنی هاوشێوە"Symmetrial") یان (هاوسەنگ ڕاگرتنی ناهاوشێوە "Asymmetrial") بێت، دەتوانرێت ناکۆتا وێنەی (هێمای بینراو)ی هەمەجۆر دروست بکرێت و واتای جۆراوجۆری ئاوەزی دیزاینەر بخاتەڕوو و بە بینەری بگەیەنێت.

## ٢/٢) پرۆسەی گەیاندنی واتا لە سەر بنەمای (ڕێزمانی بینراو):

کاتێک بینەر لە وێنەیەک ڕادەمێنێت، ئەوا یەکسەر چاوی کاردەکات بۆ گواستنەوەی وێنەکان بۆ ناو ئاوەزی، تا بتوانێت لە واتای وێنەکە تێبگات و واتای مەبەستی لێ هەڵبهێنجێت. هەربۆیە لەمبارەدا (ڕێزمانی بینراو) پێشنیازی ئەوە بۆ دیزاینەری وێنەکانی زمانی بینراو دەکات، کە دیزاینکردنی وێنەکانیان پەیوەست بکەن بە دوو پرۆسەی (پرۆسە چەمکییەکان"Conceptual Process") و (پرۆسە خستنەڕوویەکان "Representational Process")*، تا بتوانرێت پێڕەوبەندانە پەیوەست بە ڕێساکانی (ڕێزمانی بینراو)ەوە واتای مەبەست دروست بکات و بشیگەیەنێتە بینەر. بەم شێوەیە بینەر لە پرۆسەی (خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی) خۆیدا هەرگیز توشی شڵەژان و تێنەگەیشتن نابێت لە کاتی تەماشاکردنی هێما بینراوەکانی زمانی بینراودا، بە مەرجێک دیزاینەری هێما بینراوەکان لە دیزاینەکەیاندا پەیڕەوی ئەم دوو پرۆسەیان کردبێت. پرۆسەکانیش بریتین لە:

١) پرۆسە چەمکییەکان"Conceptual Process": ئەم پرۆسانە زیاتر شیکردنەوەی بەشداربووانی وێنەیەکن، واتە شیکردنەوە دەکات بۆ چییەتی (کەس، شت، شوێن) لە وێنەکەدا. بەمەش دەتوانرێت واتایەکی تایبەت بگەیەنرێتە بینەر. ئەم واتایەش، کە بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە دێتەبوون زیاتر دوو فۆرم وەردەگرێت، کە فۆڕمەکانی (پەسنیی "Attributive") و (ئاماژەیی "Suggestive")ن، هەروەک لە خوارەوە بە نموونەوە شیدەکرێنەوە:

**یەکەم**: پرۆسەی هێمای بینراوی پەسنیی: لەمجۆرە وینەیەدا زیاتر لە بەشداربوویەکی تێدایە جا بەشداربووەکان (کەس یان شت یان شوێن) بن، پاشان واتا بە بینەر دەگەیەنرێت لە ڕێگەی (هایلایتکردن"Highlight")ی یەکێک لە بەشداربووەکان، هایلایتکردنی یەکێک لەم بەشداربووانەش لە پەیوەندی بە بەشداربووەکەی تریانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەشێت ئەم پەیوەندیکردنەشیان زیاتر لە ڕێگەی (لێکچوونی قەبارە، یان ڕەنگیان یان

* لێکۆڵینەوەکە لە شیکردنەوەکانی بۆ ئەم دوو پرۆسەیەی ڕێزمانی بینراون کە بنەمای ئاسان گەیاندنی واتان بۆ بینەر پەیڕەوی شیکردنەوەکانی زانایان ( Gunther Kress and Theo Van Leeuwen2006) دەکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
(Kress, G. and Leeuwen, V. T. 2006:79-114)

ڕووناکییان یان پێگەیان لە وێنەکەدا بێت). بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی (١١) بڕوانین:

(١١)





**لەم دوێنەیەدا، وێنەی (قاز و منداڵ)ەکە هایلایتکراوە، بە هۆی (پێگەیان) لە وێنەکەدا**

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە وێنەکانی نموونەی (١٢)، دەبینین، کە هایلایتکردنی ژمارەی مەبەست لە چارتەکەدا زیاتر بە هۆی (ڕەنگکردنەوە) بووە:

(١٢)






**هایلایتکردنی بەشداربووی مەبەست (کە لێرەدا بەروارە ڕەنگکراوەکانە) بە هۆی (ڕەنگ)ەوە بووە**

کەواتە بە وردبوونەوەی لە نمونەکانی (١١ و ١٢) بۆماندەردەکەوێت، کە دیزاینەر توانیویەتی پرۆسەیەکی چەمکی لە وێنەکانیدا بخاتەڕوو، کە لە ڕێگەی هایلایتکردنەوە ئەم مەبەستەی جێبەجێکردووە، کە لە وێنەی (١١)دا زیاتر گرنگی دان بووە بە (قازی زەقکراوە و منداڵی لە باوەش گیراو) و لە وێنەی (١٢)شدا دەربڕینی گرنگی بەرواره ڕەنگکراوەکانە بە هۆی ڕەنگکردنەوە. بەمەش دیزاینەر توانیوتی چەمکێک بخاتەڕوو.

دوهەم: پرۆسەی هێمای بینراوی ئاماژەیی: لەم جۆرە وێنەیەدا یەک بەشداربوو (جا کەس یان شت یان شوێن بێت) بوونی هەیە و هەڵگری واتای مەبەستدارە، کە دیزاینەر لە

ڕێگەی (جەختکردنەوە لە وردەکارییەکان یان زەقکردنەوەی ڕەنگەکان یان...هتد) مود و ئەتمۆسفێرێکی تایبەتی دەخوڵقێنێت و واتای مەبەستی پێ دەگەیەنێتە بینەر، چونکە بینەر تەنها بە ڕوانینی لە وێنەکە دەکەوێتە داوی ئەو مود و ئەتمۆسفێری وێنە بینراوەکەوە و واتاکە بە سانایی و ڕوونی دەگاتە بینەر. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە وێنە نموونەی (١٣) ڕابمێنین:

(١٣)



**وێنەی ئاماژەیی بۆ گەیاندنی ئاماژەی ڕوودانی زریان بە هۆی زەقکردنەوەی تەنها بەشداربووی تیشکەوە**

لە وێنە نموونەکەدا ئاشکرا دەردەکەوێت، کە دیزاینەر ویستی بووە بە هۆی نیشاندنی هەورە بروسکەوە ئاماژە بدات بە ڕوودانی زریان و لافاو. ئەم نیشاندانە ئاماژەییەشی زیاتر بە هۆی زەقکردنەوەی تەنها بەشداربووەیەکی ناو وێنەکەوە بووە، کە بەشداربووی تیشکی هەورە بروسکەکەیە و زەقکردنەوەکەشی بە بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕوونککردنەوە خستۆتەڕوو.

### ٢) پرۆسە خستنەڕوویەکان"Representational Process":

دیزاینەری زمانی بینراو بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لە هێما بینراوەکانیدا دەتوانێت دوو جۆری سەرەکی پرۆسەی خستنەڕووی (کردەیی "Actional" ) و (کاردانەوەیی "Reactional") بنوێنێت. بەمەش دەتوانێت چەندین جۆری جیاوازی (گێڕانەوەی ڕووداو)* ی ئەو واتایەی مەبەستییەتی چ لە ڕوانگەی بینەرەوە بێت یاخود لە ڕوانگەی ژمارە و جۆری بەشداربووەکانی وێنەکەوە بێت دروست بکات و بیگەیەنێتە بینەر. پرۆسە خستنەڕووییەکانیش ئەمانەن:

* بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم چەمکەی زمانی بینراو، بڕوانە تەوەرەی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

یەکەم: پرۆسەی خستنەڕوویی کردەیی: ئەم پرۆسەیە زیاتر مەبەست لێی خوڵقاندنی کردەیەکە لە نێوان بەشداربووە خراوەڕووەکانی وێنەکەدا.

خۆ ئەگەر وێنەکە تەنها یەک بەشداربووی هەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەو تەنها بەشداربوو دەگوترێت (ئەکتەر/بکەر "Actor")، بەو ئەرکەش بەرجەستەی دەکات دەگوترێت (کردە) و بە کردەکەش دەگوترێت (کردەی نامامەڵەییانە"Non-transactional Action ")، واتە کردەکەی بە تەنها خۆی کردویەتی، چونکە کردەکەی ئاڕاستەی هیچ کەس یان شتێکی تر (بەشداربووەیەکی تر)ی وێنەکە نەکراوە، لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خۆی تەنها بەشداربووە. بۆیە هیچ بەشداربووەیەکی (ئامانج/بەرکار"Goal")ی تێدا نییە.

بەڵام ئەگەر وێنەکە دوو بەشداربووی تێدا بوو، ئەوا لەم کاتەدا ئەو بەشداربووەی کردەکەی جێبەجێکردووە دەبێتە (ئەکتەر/بکەر "Actor") و ئەو بەشداربووەشی، کە کردەکەی ئاڕستە کراوە دەبێتە (ئامانج/بەرکار "Goal"). بەمەش پەیوەندییەک بە هۆی کردەکەوە لە نێوان دوو بەشداربووەکەدا دروست دەبێت و بەو پەیوەندییەش دەگوترێت (کردەی مامەڵییانە "Transactional Action").

دوهەم: پرۆسەی خستنەڕوویی کاردانەوەیی: مەبەست لێی ئەو وێنانەیە، کە دوو بەشداربوو یان زیاتر تێدایە و پەیوەندییەکی (کردەیی مامەڵییانە) لە نێوانیاندایە یەکێکیان (ئەکتەر) و ئەویتریشیان (ئامانج). لەمبارەدا بەشداربووی (ئامانج/بەرکار)، کە کردەکەی ئاڕاستەکراوە دەبێتە ئەو بەشداربووەی، کەکاردانەوەی دەبێت بۆ کردەکە. بەمەش پرۆسەیەکی خستنەڕووی کاردانەوەیی لە نێوان بەشداربووەکانی وێنەکەدا دەخوڵقێنێت و واتایەکی (کردەیی و ناکردەیی) دروست دەبێت و (گێڕانەوەی ڕووداو)ی جۆراوجۆر لە ڕوانگەی تەماشاکەرانی وێنەکەوە دەگەیەنرێتە خودی تەماشاکەرانی وێنەکە. بۆ ئەزموونبەندکردنی شیکردنەوەکان با لە نموونەی (١٤) وردببینەوە:

(١٤)



**وێنەی خستنەڕویی (کار و کاردانەوەیی) نێوان دوو منداڵ**

ئەگەر سەرنج لە وێنەکە بدەین، ئەوا دەبینین، کە خستنەڕووی کردەی بەشداربووی یەکەم، کە وەک (ئەکتەر/بکەر) وایە، ڕاستەوخۆ خستنەڕوویەکی کاردانەوەیی لە بەشداربووی دوهەمدا خوڵقاندووە و بەشداربووی دوهەمی کردۆتە (ئامانج/بەرکار). بەمەش دەسەلمێت، کە خستنەڕووی بەشداربووەکان و چۆنیەتی لێکدانیان لە بۆتەیەکی وێنەیی زمانی بینراو بە پێی ڕێزمانی بینراو واتایەکی کاریگەرتر لە لای بینەر دەخوڵقێنێت. لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت نموونەی (١٥) بخرێتەڕوو، کە تێیدا خستنەڕووی کاروکاردانەوەی وێنەیی بنەمایی تێگەیشتنە لە واتای وێنەکە و بەخشینی توانستی هەڵهێنجانی چەندین واتای بەخشکەیی دەربڕاو، کە بینەر دەتوانێت لە سەر بنەمای گۆشە نیگا درکپێکراوەکانی خۆی لێکدانەوە بۆ نواندنی کارو کاردانەوەی بەشداربووەکانی ناو وێنەکە بکات، هەروەک لە نموونەی (١٥) دەسەلمێت:

(١٥)




**ڕەنگدانەوەی پرۆسەی خستنەڕوویی (کردەیی و کاردانەوەیی) و ڕۆڵیان لە هەڵهێنجانی واتادا**

## ٣/٢) دیزاینکردنی پێگەی بینەر لە ڕێزمانی بینراودا:

کاتێک دیزانەرێک وێنەیەک دیزان دەکات سەرجەمی واتا تاکە کەسییەکانی خۆی کە مەبەستیەتی تێدەئاخنێت. ئەمەش بەو ئومێدەی کاربکاتە سەر بینەرەکانی ئەو وێنەیەی و (واتایەکی کارلێکردن) لە نێوان وێنەکە و بینەرەکانیدا بخوڵقێنێت، بەڵام بێگومان ئەم (واتای کارلێکردنە) تەنها بریتی نییە لەو واتا تاکە کەسییانەی دیزاینەر، بەڵکو چەندین لایەنیش ڕۆڵی سەرەکی لە خوڵقاندنی ئەم (واتای کارلێکردن)ەدا دەگێڕن. ئەم لایەنانەش بە شێوەیەکی بەردەوام بەشێکی جیانەبۆوەیە لە (وەسفی بینەرەکە) بۆ واتای وێنەکە. بۆیە ئەو لایەنانەی پێگەی بینەر لە ڕێزمانی بینراودا دیاریدەکەن و دەبنە بنەمای دروستکردنی (واتای کارلێکردن) لە نێوان وێنە و بینەرەکانیدا زیاتر بریتین لە:

١) مود "Mood": بینەرەکان لە ڕێگەی چاوتێبڕین لە وێنە بینراوەکان دەست دەکەن بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی وێنەکە و چاوتێبڕینەکانیشیان لە وێنەکە زیاتر چاو تێبڕینە لە کۆدەکانی (داواکردن"Demand") و (پێشکەشکردن "Offer"). بەمشێوەیە بینەر لە ڕێگەی ئەم دوو کۆدەی وێنەکەوە دەتوانێت مودی ناو وێنەکە بخوێنێتەوە و دیاری بکات. بەمەش (واتای کارلێکردن) لە نێوان وێنە و بینەرەکانیدا بەرهەمدێت، هەروەک لە نموونەی (١٦)دا دیارە:

(١٦)



وێنەکانی نموونەی (١٦) ئەگەر لە سەر دیواری قوتابخانەیەک دانرابوون، ئەوا کاتێک دایکوباوکێک دەچن بۆ قوتابخانەکە بۆ داخڵکردنی منداڵەکەیان لەو قوتابخانەیە و ئەو وێنانە دەبینن، یەکسەر لە ڕێگەی کۆدەکانی (داواکردن و پێشکەشکردن)ەوە، کە لە وێنەکاندا خراونەتەڕوو ئەوە تێدەگات، کە قوتابخانەکە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست و مامۆستا و پەروەردەی زانستی شیاو و سەرچاوەی زانستی پێشکەشی خوێندکارەکەت دەکات، کە داواکاری باوانی خوێندکارەکەیە، کە تۆی. بەمەش واتایەکی کارلێکردنی کاریگەر دروست دەبێت.

٢) گۆشەنیگا"Perspective": ئەم لایەنە زیاتر لەو وێنانەدا گرنگی دەبێت، کە (وێنەی کەسییانە"Subjective image")ن و لە (وێنەی بابەتییانە " Objective image")دا گۆشە نیگای بینەر بۆ وێنە هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە دیاریکردنی (واتای کارلێکردن)دا، چونکە:

ا- لە وێنەی کەسییانەدا، هەموو پارچەکانی وێنەکە لە دەوری بینەرەکە دیزاینکراوە. ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی (واتایەکی کارلێکردن)ی دیاریکراو، کە خودی گۆشە نیگای بینەر ڕۆڵی تێدا هەبێت. بێگومان لەمبارەشدا ئاڕاستەی ڕوانینەکانی بینەرەکان بۆ وێنە (چ شاقوڵی بێت چ ئاسۆیی) کاریگەری دەبێت لە سەر چۆنیەتی و چییەتی (واتای

کارلێکردن)[*]. ئەگەر بێتو ئێمە بڕیار بدەین لە سەر پەیڕەوکردنی سیستەمی (فێربوونی کەسییانە"Personal Learning")[†] لە بواری پەروەردە و فێرکردنی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەوا پێویست دەکات، کە سەرجەمی پرۆگرامی بینراوی خوێندکاران بە چەشنە وێنە کەسییانە تەنرا بێت، کە گەشە بە (گۆشە نیگای ) جیاوازی خوێندکاران دەدات و یارمەتیان دەدات لە پرۆسەی (خود فێرکردن)دا. بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لە خودی کاریگەری لایەنی (گۆشە نیگا) لە وێنەی کەسییانەدا، لە نموونەی (١٧) ورد دەبینەوە:

(١٧)



ئەگەر لە بواری وانەی (بابەتە کۆمەڵایەتیەکان)دا مامۆستا بیەوێت باسی چەمکی (خێزان) و گرنگی بۆ خوێندکار بکات و وێنەیەکی وەک (١٧) نیشان بدات و دواتر داوای لێبکات، کە لە گۆشەنیگای خۆیەوە شیکردنەوە بۆ وێنەکە بکات، ئەوا ڕەنگە چەندین سەرناوی وەک (خێزان و خۆشەویستی، خێزانی بچوک و خێزانی گەورە، باوان و نەوەکان لە بۆتەی خێزاندا، خێزان و ڕێز و خۆشەویستی نەوەکان بۆ باوان و ...هتد) لە ئاوەزی خوێندکارەکەدا دروست ببێت، کە بیەوێت لە سەریان بنوسێت.


---

* بۆ زانیاری زیاتر لە سە ر وردەکاری (ڕوانینی شاقوڵی و ئاسۆیی) و کاریگەری لە سەر لایەنی (گۆشە نیگای بینەر) و دروستکردنی (واتای کارلێکردن)، بڕوانە: Kress, G. and Leeuwen,V., T. (2006:5-7)

† بۆ شارەزابوون لە سەر سیستەمی (فێربوونی کەسییانە) و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە سیستەمی پەروەردەکردنی کوردیدا، بڕوانە:( عومەر ٢٠١٣ : ٥٥٧-٥٩٩).

ب- له وێنەی بابەتیانەدا: وێنەی بابەتیانە زیاتر ئەو وێنانەن، کە بابەتە سروشتییەکان وێنا دەکەن و هەستێکی کەمییان تێدایە و زیاتر وێنەی بوار و پسپۆڕییە تایبەتەکانن. هەربۆیە لەمجۆرە وێنانەدا هەرگیز ڕێگە بە (گۆشە نیگای) بینەر نادرێت لە سەر دیاریکردنی (واتای کارلێکردن)، چونکە لە بنەڕەتدا وێنەکە ئەمجۆرە تایبەتیە لە خۆ ناگرێت. هەربۆیە لە داهاتووی پرۆگرامی پەروەردەی نەخشەکێشراو بە زمانی بینراو لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو هەمیشە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دەبێت پرۆگرامی وێنەیی سەرجەم بابەتە زانستییە پەتییەکانی قۆناغەکانی خوێندن لەمجۆرە وێنانە بن، تاوەکوخوێندکار بتوانێت ڕاستەوخۆ ڕاستییە زانستییە پەتییەکان وەک خۆیان وەربگرێت و لێکدانەوەی جیاوازییان بۆ نەکات و توشی گرفتی سەرلێشێوان نەبێت لە پرۆسەی پەروەردەکردنەکەیدا. تێگەیشتنی زیاتر لە نموونەی (١٨)دا دەدۆزرێتەوە:

(١٨)




وێنەکە ڕاستییەکی زانستی دەخاتەڕوو، کە جێگەی مشتومڕ نییە، کە ئەویش بریتییە لەوەی وەرزشکردنی دڵخۆشانە مایەی تەندروستی باشی جەستە بە گشتی و ئەندامی (دڵ)ی مرۆڤە بە شێوەیەکی تایبەتی.

٣) ڕووناکی "Lights": لە (ڕێزمانی بینراو)ی (زمانی بینراو)دا، (هێمای بینراو) هەمیشە پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکرێت، کە پشت ببەستێت بە ڕووناکی و ڕووناککردنەوە، تا بتوانێت واتایەکی تایبەت بگەیەنێت و کاربکاتە سەر بینەر و بینەریش بەو کاریگەرییە (واتای کارلێکردن)ی لا دروست ببێت. وێڕای ئەم پێشنیازەی (ڕێزمانی بینراو)، هەر ڕێزمانەکە ڕێسای دیاریکراو دیاریدەکات بۆ چۆنیەتی و چییەتی بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕووناککردنەوە، وەک بەکارهێنانی ڕێژەیەکی دیاریکراوی بریسکانەوە یان ڕادەیەکی دیاریکراو لە سێبەر یان تاریککردن یان زەقکردنەوەی بەشداربووەکان بە ڕووناکی بریقەدار و ...هتد. ئەمەش لە بەرئەوەی هەریەکە لەم لایەنانەی ڕووناکی بە پێی ڕادە و ڕێژەکەیان لە وێنەکەدا واتای جیاواز دەبەخشن و کار دەکەنە سەر (واتای کارلێکردن)ی دروستکراو لە نێوان وێنەکە و بینەرەکانی. بۆ نموونە ئاشکرایە دانانی سێبەر بۆ بەشداربوویەک واتای شاردنەوەی بەشێک لە کەسایەتی بەشداربووەکە لای بینەر دروست دەکات، هەروەک چۆن ڕووناککردنەوەیەکی بریقەدارانەی بەشداربوویەکیش بۆ نموونە لە ڕووخساریدا (واتای ئومێد و گەشبینی) لای بینەر دروست دەکات. ڕاستی بۆچوونەکەش لە نموونەی (١٩)دا دەخرێتەڕوو:

(١٩)



-ا- -ب- -پ-

ئەگەر لە وێنەی (١٩ ا) وردببینەوە، دەبینین بە هۆی ڕوناککردنەوە کەسایەتییەکی بێگەردی پیرۆز خراوەتەڕوو، بەڵام لە وێنەی (١٩ب)دا بە هۆی تاریککردنەوە هونەری بازدانی کەسایەتییەکان زەقکراوەتەوە و بەگرنگ خراوەتە پێش چاو، هەروەها لە وێنەی (١٩ پ)دا بە هۆی ڕێژەی ڕووناکی دیاریکراوەوە غەمگینی کەسایەتی هەبوو لە وێنەکەدا خراوەتەڕوو، هەربۆیە کاریگەرییان زیاتر بووە و واتای کارلێکردنیش ساناتر بەرهەمدێت.

٤) ڕەنگ "Colour": هەروەک دەزانرێت (ڕەنگ) یەکێکە لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی دروستکردنی هەر وێنەیەکی بینراو و دەکرێت چەندین واتای جۆراوجۆری پێ بخرێتەڕوو، بەڵام ئەم ڕەنگانەی وێنەکانی پێ دەڕازێنرێتەوە بە پێی (چڕی ڕەنگ"Ton") و (تێری ڕەنگ "Saturation") واتای ڕەنگەکە دەگۆڕێت. وێڕای گۆڕانی واتای هێمای بینراو بە هۆی (چڕی و تێری ڕەنگ)کەوە، لە هەمانکاتیشدا ڕەنگەکان واتاکانیان بە پێی کلتور و دەوروبەرەکانیان دەگۆڕن، چونکە ئەگەر ڕەنگی (سپی) بۆ نموونە بۆ شایی لە کوردەواریدا بەکاربێت، ئەوا لە وڵاتی هیندستان بۆ پرسە بەکاردێت. هەربۆیە جارێکی تریش ڕەنگ وەک کەرەستیەکی هێمای بینراو کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر بینەر و بنەمایەکی بەهێزی دیاریکردنی پێگەی بینەری وێنەکانە و بنەمایەکی تری دروستکردنی (واتای کارلێکردن)ە. بۆ پاساودانی بۆچونەکەش با لە نموونەی (٢٠) ڕابمێنین:

(٢٠) وێنەی - ا - وێنەی - ب –





ئێستا بە وردبوونەوە لە نموونەی (١٢٠)، بۆماندەردەکەوێت، کە چڕی ڕەنگ توانیویەتی دوو واتای جیاواز بە وێنەی خانمەکە ببەخشێت، بەوەی لە یەکەمیاندا وێنەی خانمێک بێت لە ئێستادا و لە دوهەمیاندا وێنەی هەر خانمە بەڵام بە هۆی چڕی ڕەنگەکەوە سەردەمی گرتنی وێنەکەی وەک سەردەمێکی کۆن و کلاسیک خستۆتە بەرچاو. بە هەمانشێوە ئەگەر لە نموونەی (٢٠ب) ڕابمێنین، دەبینین، کە بە هۆی تێری ڕەنگەوە توانراوە بێگەردییەکی زیاتر بە ئاوی ڕووبارەکە ببەخشرێت و وەک ئاوێکی پاکژی گونجاو بۆ ژیان خراوەتەڕوو، بەڕادەیەک تێری ڕەنگەکە توانیویەتی چەمکی ئاوێنەیی بە ڕووبارەکە ببەخشێت.

٥) شێوە "Modality": دیزاینی وێنەی بینراو بە شێوەیەک، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی (کەس و شت و شوێن)ەکان بن لە کلتور و کۆمەڵگای خۆماڵیدا کاریگەرییەکی بەرفراوانی دەبێت لە سەر بەهێزی (واتای کارلێکردن)ی دروستکراوی نێوان وێنەکە و بینەرەکانیدا، چونکە بینەرەکانی وێنە بەردەوام خۆیانیانی تێدا دەدۆزنەوە و زیاتر پێی کاریگەر دەبن. هەربۆیە (ڕێزمانی بینراو) پێشنیازمان بۆ دەکات، کە پرۆگرامی وێنەیی

پەروەردەمان لە سەر بنەمای شێوەی خۆماڵی بونیاد بنرێت. ڕاستی بۆچونەکەش دەکرێت لە نموونەی (٢١) بەرچاو بکەوێت:

(٢١) وێنەی – ا – کلتوری خۆماڵی وێنەی – ب – کلتوری بێگانە





وردبوونەوە لە وێنەی (٢١ ا) زیاتر کاریگەر دەبێت لە سەر بینەرانی کۆمەڵگای کوردەواری، لە بەرانبەردا کەمتر کاریگەر دەبن بە وێنەی (٢١ ب)، کە ڕەنگدانەوەی نان دروستکردنە لە کلتوری ڕۆژئاوا. ڕەنگە هەر ئەم کاریگەر بوونەش بێت، کە وای لە زمانی کوردی کردبێت بۆ نانکردنی خۆماڵی وشەی (نانکردن)ی بۆ بەکارهێنابێت و بۆ نانکردنی ئاسایی ناوبازاڕ وشەی (نان دروستکردن)ی بۆ بەکارهێنابێت.

## ٤/٢) چۆنیەتی ئەرکبەخشین بە کەرەستەکانی زمانی بینراو بە پێی (ڕێزمانی بینراو):

کاتێک وێنەیەک دیزاین دەکرێت بۆ گەیاندنی واتایەک، ئەوا پێویستە دیزاینەر ڕەچاوی ڕێساکانی ڕێزمانی بینراو بکات (کە لە١/٢ و ٢/٢ و ٣/٢دا خرایەڕوو)، بەڵام ئەم واتایە زیاتر (واتایەکی فەرهەنگییە/ سیمانتیکییە)، کە دەگەیەنرێت . خۆ ئەگەر دیزاینەر ویستی جگە لە واتای فەرهەنگی، واتایەکی پراگماتیکیش بە وێنەکە بگەیەنێت، ئەوا دەتوانرێت پەیرەوی ئەم سێ ڕێگایەی خوارەوە بکەن، کە هەر ڕێگایەکیان وەک ڕێسایەکی (ڕێزمانی بینراو) وان و بریتین لە:

١) زەقکردنەوە "Salience": بەشداربووەکانی وێنە هەریەکەیان لە باری ئاسایدا پێگەیەکی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر دیزاینەر ویستی واتایەکی تریش بگەیەنێت، ئەوا دەتوانێت بە گۆڕینی پێگەی بەشداربووەیەک، کە مەبەستیەتی لە ناو پێکهاتەی وێنەکەدا واتایەکی پراگماتیکی بگەیەنێت، چونکە گۆڕینی پێگەی بەشداربووەکە،

بەشداربووەکە زیاتر زەقدەکاتەوە و بینەر سەرنجی بۆی دەچێت. بەمەش واتایەکی زیاتری بارکراو دەگەیەنێت، هەروەک لە نموونەی (٢٢)دا دیارە:

(٢٢)



لە وێنەکەدا ئاشکرا دیارە، کە دیزاینەری وێنەکە ویستی بووە بە هێنانە پێشەوەی پانتۆڵی کابۆیی پێوانە گەورە واتایەکی پراگماتیکی بگەیەنێت و سەرجەم سەرنجی بینەر بۆ ئەو کابۆیە بچێت نەک بەشداربوەیەکی تری وێنەکە و ئەو واتا پراگماتیکیش بریتی دەبێت لە بەخشکەیی دەربڕینی توانا مرۆڤ بۆ ڕزگار بوون لە نەخۆشی قەڵەویی و ڕزگاربوون لە ناشرینی جەستەی قەڵەوی. بەمشێوەیە ڕێسای زەقکردنەوە دەبێتە بنەمای ئاڕاستەی خوێندنەوەکانی بینەران و گواستنەوەیان لە بەشێکی وێنەکەوە بۆ بەشێکی تری وێنەکە بە پێی مەبەستی دیزاینەر، هەروەک لە ڕێسای دوهەم و سێهەمدا شیدەکرێتەوە.

٢) ئاڕاستەی خوێندنەوە "The Reading Path": زەقکردنەوە جگە لەوەی واتایەکی سەربار دەگەیەنێت، لە هەمانکاتدا ئاڕاستەی خوێندنەوەی وێنەکەش دیاریدەکات، چونکە هەمیشە خوێندنەوە لە کەرەستە زۆر زەقبووەکانەوە دەست پێدەکات بۆ کەرەستە کەم زەقبۆوەکان. بۆیە دیزاینەر دەتوانێت بەم ڕێگەی ئاڕاستە و سەرنجی بینەر بگۆڕێت و ئەرکی جیاواز بە کەرەستەکانی وێنەکەی ببەخشێت. ڕاستی ئەم بۆچوونەش لە نموونەکانی (١٢ و ١٩)دا بەرچاو دەکەوێت.

٣) گوێزەرەوە "Victor": دیزاینەر هەمیشە لە ڕێگەی هەندێک تەکنیکی وێنەیی وەک (بەکارهێنانی پەنجە ڕاکێشان یان چاو تێبڕین یان باوەشکردنەوە و ...هتد) یەکێک لە بەشداربووەکانی وێنەکەی دەتوانێت سەرنجی بینەر لە بەشداربووەیەکی وێنەکەوە بۆ بەشداربووەیەکی تری وێنەکە بگوازێتەوە. مەبەش واتایەکی تایبەتی مەبەستدار دەگەیەنێت. پاساودانی ئەم بۆچونەش لە نموونەکانی ( ١٦ و ١٢)دا دەبینرێت.

شیکردنەوەکانی ئەم تەوەرەیە، ئەوەیان سەلماند، کە (زمانی بینراو) کەناڵێکی کاریگەری پەیوەندیکردنە و کاریگەریەکەشی بەندە بە پێڕەوبەندی (ڕێزمانی بینراو)ەوە. لەم ڕوانگەیەوە و لە سەر مەودا و گرنگی (زمانی بینراو) پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەمجۆرە زمانە زیاتر ئامرازی پەیوەندیکردنە لە بوارە گشتییەکانی کۆمەڵگادا، وەک لە

بواری (پەروەردە، هاتوچۆ، ڕۆشنبیری گشتی...هتد). لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بوارە کارەکییەکانی بەکارهێنانی (ڕێزمانی بینراو) بخاتەڕوو.

### ٣) بوارە کارەکییەکانی ڕێزمانی بینراو:

هەروەک ڕێساکانی ڕێزمانی بینراو خستیانەڕوو(بڕوانە لە ١/٢ و ٢/٢ و ٣/٢ و٤/٢)، دیزاینکردنی زمانی بینراو بە پێی ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانی بینراو شارەزایی و ئەزموونی بینەر/خوێنەر لە سەر دەقە خراوەڕووەکان هەم ڕێکدەخات و هەم ئاسانیشیان دەکات. ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەیبردن و درکپێکردن و مۆتیڤە ئاوەزییەکانی مرۆڤایەتی بۆ تێگەیشتن کاریگەرتر دەبێت بە هۆی ڕێکخستن و گونجانی ئاماژە بینراوەکانەوە. ئاشکراشە، کە ڕێزمانی بینراو هەم بنەمای بەکارهێنانی ئاماژە بینراوەکانە و هەم هۆکاری ڕێکخستن و گونجاندنیانە، هەربۆیە دەتوانرێت زمانی بینراو، کە لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو هەڵزنرابێت، لە چەندین بوار و پێگە و پیشە و پسپۆڕیی جیاوازدا سەرکەوتووانە بەکاربێت و پەیوەندیکردنێکی تێگەیشتووانەی کامڵ بخوڵقێنێت. بێگومان کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە گرنگی ئەمجۆرە زمانە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بخاتەڕوو، بەڵکو ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، ئەوەیە، کە هەوڵدەدرێت گرنگی بەکارهێنانی کارەکییانەی ئەم ڕێزمانی بینراوە لە بواری (پەروەردە و فێرکردن)دا وەک بوارێکی گشتی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی گرنگ بخرێتەڕوو، تا بە وردی ئەوە بنوێنرێت، کە ڕێزمانی بینراو چۆن دەتوانرێت لە پەروەردە و ڕۆشنبیریدا سودی لێ ببینرێت. بەمشێوەیە گرنگترین ئەو بوارانەی (پەروەردە و ڕۆشنبیری)، کە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت ڕێزمانی بینراوی تێدا بەکاربێت، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیری وەک (بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فێرکردنی زمانیدا)، ئەمانەن:

یەکەم: لە پڕۆسەی فێرکردنی هاوچەرخدا زۆر جەخت دەکرێتەوە لە پڕۆسەی (فێربوونی کەسییانە"Personal Learning")، بنەمای ئەم پڕۆسەیەش بریتییە لە چۆنیەتی گەشەکردنی توانستی ئاوەزیی ڕەخنەییانەی زانستی لای خوێندکار. گەشەکردنی ئەم توانستەش تەنها و تەنها بە فێرکردنی چۆنیەتی (تێڕوانینی ڕەخنەییانە) دەبێت لای خوێندکارەکە. لەم بوارەدا ڕێزمانی بینراو ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت هەم بۆ ئاسانکردنی دروستبوونی ئەم توانستە و هەم بۆ مەودای دەسەڵاتیشی لە گەشەسەندنی ئەم توانستە لای خوێندکار. ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی کارەکییانەی بونیادنانی ئەم (تێڕوانە ڕەخنەییانە) بە بەکارهێنانی وێنە دژ بەیەکەکان دەبێت لە بوار و بابەتە جیاوازەکاندا، بە مەرجێک هەم وێنەکان لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو بونیادنرابن و هەم خوێندکاریش شارەزایی تەواوی

هەبێت لە ڕێزمانی بینراودا. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە ویستمان لە بابەتی کۆمەڵایەتی وەک (سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەودای گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا) خوێندکار فێری تێڕوانینی ڕەخنەیی بکەین، بەشێوەیەک، کە خوێندکارەکە بتوانێت هەم درک بە سروشتی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی وەک خێزان بکات، کە لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵگای کوردیدا چۆن بوون و هەم پەیش ببات بە سروشتی ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر ئەم پەیوەندییانەدا هاتوون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەماندا، ئەوا دەکرێت لە ڕێگەی خستنەڕووی دوو وێنەی خێزانی وەک نموونەی (٢٣)، کە وێنەی یەکەمیان وێنەی خێزانێکی کلاسیکی و وێنەکەی تریشیان وێنەی خێزانێکی هاوچەرخ بێت و هەردوو وێنەکەش لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو بونیادنرابن، بەمشێوەیە:

(٢٣) وێنەی خێزانی کلاسیکی – ا - وێنەی خێزانی هاوچەرخ - ب -





لەمبارەدا و لە هەنگاوی دوهەمدا (پاش خستنەڕووی وێنەکان بۆ خوێندکارەکان)، دەکرێت ئەم پرسیارانەیان ئاراستە بکرێت:

١. به پێی ڕەنگدانەوەی (کەرەستەکانی ڕێزمانی بینراو) و (پڕۆسەی گەیاندنی واتا) و (دیزاینکردنی پێگەی بینەر لە ڕێزمای بینراودا)، چۆن لەم دوو وێنەیە دەگەیت؟

٢. چۆن دەتوانێت ڕاپۆرتێکی شیکاری لە سەر دوو وێنەکە بنوسیت، بە مەرجێک ڕەچاوی دروستەی گێرانەوە و پڕۆسەکانی (چەمکیی و خستنەڕووی)ی ڕێزمانی بینراوی تێدا کرابێت؟

٣. چۆن تێگەیشتن و بیرکردنەوەکانت لە سەر دوو وێنەکە بە پێی (ڕێزمانی بینراو) بۆ ڕاپۆرتێکی نوسراو لە زمانی نوسراودا دەگۆڕیت؟

بەمشێوەیە خوێندکار لەم پڕۆسەیەدا جگە لە تێگەیشتنی خودی بابەتە زانستییەکە (کە لە باری نموونەی ٢٣دا بریتییە لە تێگەیشتن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی)، لە هەمانکاتیشدا لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان فێری (درکپێکردن و پەیبردن و ئەرک بینین) دەبێت لە پڕۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنەکەیدا. بەمەش فێری چۆنیەتی هۆنینەوە و چنینی (تێڕوانینی

ڕەخنەیی) دەبێت، کە بنەمای پڕۆسەی (فێربوونی کەسییانە)ی هەموو پەروەردەیەکی هاوچەرخە.


لە ڕوانگەی تێگەیشتنمان لە پڕۆسەی بونیادنانی (تێڕوانینی ڕەخنەیی) لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو، ئەگەر لە پڕۆگرامی وانەی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)* بڕوانین دەبینین، کە سەرجەمی ئەو وێنانەی لە پڕۆگرامی ئەم بابەتەدا دانراون، تەنها وێنەی ڕوونکارین، واتە تەنها ناساندنی بینراوانەی خوێندکارە بە بابەتە شیکراوەکەی پێش خۆی. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی وێنە ڕوونکارییەکانی (ڕێساکانی ڕێزمانی بینراو)یان تێدا ڕەچاو نەکراوە. ئەم کەموکورتییەی پڕۆگرامەکەش هەم بۆتە وشکبونەوەی زیاتر بابەتەکانی پڕۆگرامەکە و پەنا بردنی زیاتری خوێندکار بۆ لەبەرکردن (واتە لاسایکردنەوەی) و چەکەرەنەکردنی کەم تا زۆری (توانستی هەڵهێنجان) و (فێربوونی کەسییانە) و (تێڕوانینی ڕەخنەیی) و لە کۆتایدا بێزراوبوونی خودی زانستەکانی پڕۆگرامی (بابەتە کۆمەڵاییەتییەکان)ی ئەم سێ قۆناغە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و دەستخۆشییە، ئەوەیە، کە زۆر بە شێوەیەکی زانستییانە و پەیوەست بە (ڕێزمانی بینراو)ی (زمانی بینراو)ەوە وەک دیاردە لە پڕۆگرامی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی قۆناغی (حەوتەم)دا لە بابەتەکانی (هێڵەکانی درێژی) و (دابەشبونی وشکانی و ئاو)†دا ئەم سیستەمی بەرانبەر ڕاگرتنی وێنەی دژ بەیەک بەرچاو دەکەوێت، کە سودێکی زۆری هەبووە لە شیکردنەوەی زیاتر هەردوو بابەتەکەدا. بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە لێرەدا ئەوەیە، کە جارێکی تر وێنە بەراوردکراوەکان (هەروەک لە وێنەی (٢٤ و ٢٥)دا خراوەتەڕوو) زیاتر لە دوای شیکردنەوەکانی بابەتەکە بە زمانی نوسراو دانراون و بەمەش جارێکی تر خوێندکار تەنها وەک وێنەی ڕوونکاری سودیان لێ دەبینێت، ئەگەرچی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەراوردکردنێکی ئاوەزیانەشی هەر بۆ دروستدەکات:

(٢٤)

---

* بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
ا/ تۆفیق ، جەزا ٢٠١٣
ب/ پشدەری ، قادر محمد ٢٠١٣
پ/ پشدەری، قادر محمد ، پۆلی نۆیەم ٢٠١٣

† بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: جەزا تۆفیق و کۆمەڵە نوسەرێک (٢٠١٣: ٢٩، ٣٥).



(٢٥)



دوهەم: یەکێک لەتایبەتمەندییە هەرە زەقەکانی ژیانی مرۆڤ لە سەدەی (٢١)دا بریتییە لە (خێرایی) ڕووداني ڕووداوەکان و گەشەکردنەکان و پێشەکەوتنەکان و ...هتد. هەربۆیە لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا (کات) نرخێکی تایبەتی هەیە، بە شێوەیەک ئەگەر مرۆڤ وریا نەبێت لە دانانی خشتیەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی، ئەوا بێگومان نەک هەر کارەکانی بۆ جێبەجێ ناکرێت، بگرە لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤە هاوچەرخەکانیش دوا دەکەوێت. ئەگەر سروشتی ژیانی مرۆڤ بەمشێوەیە بێت، ئەوا دەبێت پرۆسەی پەروەردەکردنیشی وەڵامدانەوەی ئەو سروشتە خێرایەی ژیانی مرۆڤەکان بێت. لەم ڕوانگەیەوە بەکارهێنانی کارەکییانەی ڕێزمانی بینراو دەتوانرێت سودی لێ ببینرێت هەم بۆ بەفیڕۆنەدانی کات و هەم بۆ خێراکردنی پرۆسەی فێرکردن لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیریدا لە سەرجەم بابەت و بوارە فێرکارییە جیاوازەکاندا. لێکۆڵینەوەکە لێرەدا نموونەیەک دەخاتەڕوو، کە تێیدا (زمانی بینراو)ی پاڵپشت بە (ڕێزمانی بینراو) دەکرێت کارەکییانە بەکاربێت بۆ خێراکردنی (فێرکردنی زمانیی) لە بواری فێرکردنی زمانی کوردی و زمانی بێگانەکانیشدا. ئەویش بە دانانی پرۆگرامێک بۆ ڕێزمانی کوردی، کە تێیدا ڕێزمانەکە بە شێوەی نوسراو بوونی هەیە، سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە بە زمانی بینراو

لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو و پاشان سەرجەم ڕاهێنان و ڕاهاتنەکانی دواتری خوێندکار هەر لە ڕێگەی ئەم ڕێزمانەوە بێت*. هەروەک لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

## + چۆنیەتی داڕشتنی پڕۆگرامی (ڕێزمانی بینراوی کاتگرەوە" Timesaver "Visual Grammar"):

ڕێزمانی بینراوی کاتگرەوە زۆر ئاسانە بۆ بەکارهێنان، چونکە شێوە داڕشتن و وەڵامەکانی کات ڕێکدەخات و بەفیڕۆچونیشی دەپارێزێت و فۆڕمدەدات بە ڕیزبەندی بیرۆکەکانی ماددەکان بۆ تەواوکردنی هەر بابەتێکی ڕێزمانەکە. ئەم ڕێزمانە بریتی نییە لە داڕشتنی ڕێزمانێکی نوێ بۆ زمانەکە، بەڵکو تەنها بریتییە لە گۆڕینی ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە و ڕاهێنانەکانی فێربوون لە زمانی نوسراوەوە بۆ زمانی بینراو لە سەر بنەمای ڕێزمانی بینراو. وێنەکانی زمانە بینراوەکەش، کە ڕێزمانەکەی پێدەخرێتەڕوو زیاتر وێنەی کارتونی کۆمیدین، کە توانای وروژاندنی ئاوەزی خوێندکاریان هەبێت بۆ فێربوون لە ماوەیەکی کەمدا و پاشان بەکارهێنانەوەی فێربوونەکەی لە دەوروبەری تردا (واتە ژیانی ڕۆژانەیدا). هەربۆیە لەم ڕێزمانە بینراوە کاتگرەوەیدا چالاکییەکانی فێربوون بە سەر دوو بەشدا دابەشکراون، کە لە بەشی یەکەمدا پۆلێک وێنەی دیزاینکراو بە ڕێزمانی بینراو دەخرێتەڕوو، کە بە هۆیەوە جەخت دەکرێتەوە لە سوودی بەرهەمهێنانی ئەو دروستە زمانییەی مەبەستە و خوێندکارەکەی پێدەوروژێنرێت، پاشان لە بەشی دوهەمی پڕۆگرامەکەدا لە ڕێگەی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی هەمەجۆرەوە (بە شێوەیەک لە زمانی بینراوەوە بگۆڕدرێن بۆ زمانی نوسراو) خوێندکار تواناکانی فێربوونی پاساودان دەکات. بەمشێوەیە مامۆستای وانە دەتوانێت بەشی یەکەمی پڕۆگرامەکە وەک (گەرموگوڕییەکی فێربوون) بەکاربهێنێت لە سەرەتای دەست کردن بە گوتنەوەی وانەکەی، ئەویش بەوەی وێنە مەبەستدارەکان بۆ خوێندکارەکان بخاتەڕوو، دواتر داوا لە خوێندکارەکان دەکات (چ بە شێوەی تەنها چ بە شێوەی گرووپین "واتە پێکەوە") ڕستەی دروستەی زمانی شیاو بۆ وێنەکان بە توانستی ئاوەزیی خۆیان و درکپێکردنیان بە وێنەکان بەرهەمبهێنن. بەمشێوەیە بەشی یەکەمی پڕۆگرامەکە (توانای بەرهەمهێنانی زمانیی" Language

* بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی و چییەتی (ڕێزمانی کاتگرەوە) لە بواری فێرکردنی زمانیدا، بڕوانە:

Fletcher, M. and Munns, R. (2004:5-10)

Production") و (چۆنیەتی دەربڕین "Pronunciation") و (ئابوریکردنی زمانەوانییانە "Linguistic Economic") بۆ خوێندکارەکان دەرەخسێنن.

پاشان لە بەشی دوهەمی پڕۆگرامەکەدا خوێندکار لە ڕێگەی ژمارەیەک ڕاهێنانی وەک (پرسیار و شێوە داڕشتنی نەرێکردنانەوە، هاوشێوەبوونی وێنە و دروستەکان، تەواوکردنی دیالۆگەکان) دەتوانرێت توانست و تواناکانی خوێندکاران پاساودان بکرێت. کۆنکرێتکردنی ڕاستی پڕۆگرامەکەش دەکرێت لە فێرکردنی دروستەی ( کۆکردنەوەی دەربڕاوەکان)ی زمانی کوردی بە نموونە وێنەی (٢٦) بخرێتەڕوو و وەک قۆناغی یەکەمی پڕۆگرامەکە:

(٢٦)



بەمشێوەیە دەکرێت مامۆستا پاش خستنەڕووی وێنەکە، ڕاستەوخۆ لە سەر تەختەکە ڕستەیەکی ناتەواوی وەک (٢٧) بنوسرێت و داوا لە خوێندکارەکان بکرێت بە پێی تێگەیشتنیان لە وێنەکە بۆشایی ڕستەکە پڕبکەرەوە:

(٢٧) منداڵ........ دەگرین.

پاشان لە قۆناغی دوهەمی پڕۆگرامەکەدا دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم ڕاهێنانەی خوارەوە توانا و توانستی فێربوونی کەسییانەی خوێندکار پاساودان بکرێت:

- ڕاهێنانی یەکەم:

ئەم ڕستانەی خوارەوە هاوشێوەی ڕستەی (٢٧) لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە وێنەکە و چۆنیەتی تەواوکردنی ڕستەی (٢٧)، تەواو بکە:

(٢٨) ا- خوێندکار......هاتن.

ب- مەڕ..... دەلەوەڕێن.

- ڕاهێنانی دوهەم:

بە وردبونەوە لە وێنەی (٢٩)، ڕستەی نەرێکراوی (٣٠) تەواو بکە؟

(٢٩)



(٣٠) پیاو...... ناگرین.

- ڕاهێنانی سێهەم: بە وردبونەوە لە نموونە وێنەی (٣١)ەوە وەڵامی پرسیاری (٣٢) بدەرەوە؟

(٣١)




(٣٢) کچەکە سەیری چی دەکات؟

لە ڕوانگەی تێگەیشتنمان لە شیکردنەوە کارەکییەکانی (ڕێزمانی بینراوی کاتگرەوە)، ئەگەر لە پڕۆگرامی وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)* بڕوانین، دەبینین، کە سەرجەمی پڕۆگرامەکان کەم و زۆر ڕەچاوی بەکارهێنانی ئەم ڕێڕەوە نوێیەی فێرکاری تێدا نەکراوە و تەنانەت بە پێچەوانەی وانەی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی ئەم سێ قۆناغەوە، وێنەی ڕوونکاریشی تێدا نییە، تەنانەت بۆ بەشی ئەدەبەکەشی. هەربۆیە ئەم جەختکردنەوەیە لە داڕشتنی پڕۆگرامی ئەم بابەتەدا (زمان و

* بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
ا- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی حەوتەم (٢٠١٠)
ب- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی هەشتەم (٢٠١٠)
پ- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی نۆیەم (٢٠١٠)

ئەدەبی کوردی) بە زمانی نوسراو دارێژراوە و پشت گوێخستنی زمانی بینراو وانەکەی ئاڵۆزکردووە و لە بری ئەوەی زمانی شیرینی دایکی خوێندکار (زمانی کوردی) لای خوێندکارەکە شیرینتر و پاراوتر بکات و توانست و توانای بەرهەمهێنانی زمانی بەپێزتر بکات، دەبینین خوێندکارەکانمان بێزراوانە لە خودی بابەتەکە دەڕوانن، چونکە دارشتنی پرۆگرامەکە نەک هەر نەیوروژاندوون بۆ فێرکردن، بگرە ئەو توانست و توانا زمانییە سروشتییەی خوێندکارەکەش، کە بە شێوەی سەلیقەی زمانەوانی وەریگرتووە و داپڕشتووە بە درێژایی تەمەنی بە جۆرێک لە جۆرەکان لێی بە گومان دەبێت. بەمەش توانای بەرهەمهێنانی زمانیی و توانستی ئاخاوتن و دارشتنی لاواز دەکات. بۆیە پرۆگرامەکە لەمبارەدا سەرنەکەوتوو دێتە پێش چاو.

سێهەم: لایەنێکی تری کارەکی ڕێزمانی بینراو دیزاینکردنی سەرجەم (نەخشە و خشتە و چارت و فلۆچارتە) ڕوونکارییەکانی بواری پەروەردە و ڕۆشنبیرییە. لەم بوارەدا (ڕێزمانی بینراو) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ڕوونکردنەوەی چەشن و جۆرەکانی بابەتێکی دیاریکراو و پۆلێنکردنیان و دیاریکردنی لقەکانی ئەو پۆلێنکردنە بە زمانی نوسراو بارگرانییەکی بێ شومار دەخاتە سەر میمۆری ئاوەزی خوێندکار. هەربۆیە ئەگەر ئەم دیاریکردنەی بابەتەکە بە هۆی وێنەوە بێت، کە بە ڕێزمانی بینراو نەخشە کێشرابێت لە پاڵیشیدا بە زمانی نوسراو شیکردنەوەی بۆ کرابێت، ئەوا فێربوون و فێرکردنیان گەلێک ساناتر دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە وانەی (زانست بۆ هەمووان)ی قۆناغی (حەوتەم)دا و لە بابەتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی (بەکارهێنانەکان) (مصطفی: ٢٠١٣، ٦٧)دا، لە بری ئەوەی بە زمانی نوسراو ئەم پۆلێنکردنە بخەینەڕوو، یاخود لە بری ئەوەی بە زمانی نوسراو بخرێتەڕوو و پاشان پێناسەیان بۆ بکرێت و بۆ هەریەکەیان وێنەیەکی ڕوونکارییان وەک نموونە پیشانی خوێندکار بدرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەتوانرێت بە هۆی ڕێزمانی بینراوەوە پۆلێنکردنەکە وێنەییانە بەمشێوەیەی خوارەوە بنوێنرێت، وەک لە نموونە وێنەی (٣٣)دا دیارە:

(٣٣)




بەمشێوەیە ڕێزمانی بینراو لە دیزاینکردنی (نەخشە و خشتە و فلۆچارتەکان)دا پێشنیازی ئەوە دەکات، کە:

١. دەبێت قەبارەی (بۆکس) و هێڵی نێوان بۆکسەکان وەک یەک بن.

٢. دووری نێوان بۆکسەکان هاوشێوە بن.

٣. بەکارهێنانی ڕەنگ و چڕیی ڕەنگ بە پێی پێویستی بێت و دەبێت سەرجەمی فلۆچارتەکە یەک ڕەنگ بێت.

٤. لە پاڵ وێنەکەدا یان لە ژێر وێنەکەدا بە زمانی نوسراو پوخت شیکردنەوەی گونجاو یان ناو بنوسرێت، تاوەکو ئەگەر خوێندکار لە وێنەکە تێنەگەیشت، زمانی نوسراوەکە کار ئاسانی بۆ بکات.

٥. هەوڵبدرێت فلۆچارتەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لقە سەرەکییەکانی بخرێنەڕوو و پاشان لقە لاوەکییەکانی بە شێوەیەکی شاقوڵی، تاوەکو دامەزراوەی فلۆچارتەکە وەک یەک وێنەی گشتی لە بەرچاوی خوێندکار بێت.

بەمشێوەیە ڕێزمانی بینراو کارکردنی کارەکییانەی خۆی بۆ بواری (نەخشەسازی بینراویش) هەڵدەگوازێت و لوتکە داهێنانە پسپۆڕییەکانی لە پرۆگرامی (Power Point) و (SmartDraw)*دا بەرچاو دەکەوێت.


لە ڕوانگەی لایەنی کارەکی سێهەمی ڕێزمانی بینراوەوە، ئەگەر لە پرۆگرامی دیزاینکراوی وانەی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی قۆناغی (هەشتەم و نۆیەم) وردببینەوە،

* بۆ زانیاری زیاتر لە سەر خودی پرۆگرامی (SmartDraw) و چۆنیەتی ئاسانی سازدانی (Power Point) پێی و کاریگەری ڕێزمانی بینراو لەم داهێنانە کارەکییە پەروەردەییە خستنەڕوویەدا، بڕوانە کار پرۆگرامسازییەکانی (SmartDraw)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Mesa, M. (2012:1-17)

ئەوا دەبینین، کە زۆربەی دیزاینکردنی (نەخشە و خشتە و چارتەکان و پۆلێنکردنەکانیان) بە دەر لە بنەماکانی ڕێزمانی بینراو داڕێژراون. بەمەش لە بری ئاسانکاری و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بارگرانییەک بۆ پڕۆگرامەکە زیادیکردووە. سەلماندنی بۆچوونەکەش لە نموونە وێنەکانی (٣٤)دا دەخرێتەڕوو:

(٣٤)





بەمشێوەیە، پەیوەست بە تێگەیشتنمان لە (ڕێزمانی بینراو) وەک بنەمایی سەرەکی (زمانی بینراو) و بە وردبوونەوە لە پڕۆگرامی دیزاینکراوی بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) و (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) و (زانست بۆ هەمووان)ی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) دەتوانرێت ئەم کەموکورتییانە بخرێتە بەرچاو:

١) لە داڕشتنی پڕۆگرامی هەندێک بابەتدا کەم و زۆر وێنەکاری پەروەردەیی ڕەچاونەکراوە، هەروەک لە بابەتی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی قۆناغەکانی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)دا دەبینرێت.

٢) زۆربەی ئەو وێنەکارییە پەروەردەییانەی لە داڕشتنی پڕۆگرامی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)ی هەرسێ قۆناغی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم)دا بەرچاو دەکەوێت، زیاتر وێنەی ڕوونکارین و بەهیچ کلۆجێک هەژماری (ڕێزمانی بینراوی) تێدانەکراوە.

٣) لە بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی (کەرەستە و هۆیەکانی گەیاندنی واتا و دیزاینکردنی پێگەی بینەر)ی ڕێزمانی بینراودا لە وێنەکاری پەروەردەیی پڕۆگرامی بابەتی (زانست بۆ هەمووان)دا بنەماکانی ڕێزمانی بینراو پەیڕەو نەکراوە، بۆیە جۆرێک لە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی وەک (ڕەنگ و چڕیی ڕەنگ و قەبارە و شێوە و ...هتد)دا بەرچاو دەکەوێت.

٤) لە سەرجەمی پڕۆگرامی ئەم وانانەدا بەردەوام بە زمانی نوسراو بابەتە زانستییەکە شیکراوەتەوە و پاشان تەنها وێنەی ڕوونکاری خراوەتەڕوو، کە ئەمەش لە کاریگەری زمانی بینراوەکە کەمدەکاتەوە، چونکە دەبێت یان وێنەکاری

پەروەردەیی بخرێتەڕوو و توانای دارشتن و هەڵهێنجان لە ناو پۆلدا و لە دەرەوەی پۆلدا بۆ خوێندکار بەجێبهێڵرێت (بە تایبەتی بۆ پڕۆگرامی بابەتەکانی "بابەت کۆمەڵایەتییەکان و زمان و ئەدەبی کوردی") یان ئەوەتا دەبێت وێنەکاری پەروەردەیی (زمانی بینراو) و زمانە نوسراوەکە شانبەشانی یەکتری بەکار هاتبن.

٥) زۆرینەی وێنەکارییە پەروەردەییە بەکارهاتووەکان خۆماڵی نین و وەرگیراون لە کلتوری بێگانەوە بە شێوەی ئامادەکراو.

**ئەنجام**

١.  (زمانی بینراو) کاریگەرترین و خێراترین هۆکاری پەیوەندیکردنی ژیانی سەدەی بیستویەکەمە، بۆیە فەرامۆشکردنی خۆلادانە لە ژیانی هاوچەرخی مۆڤایەتی.

٢.  (ڕێزمانی بینراو)، کە بنەمای (زمانی بینراو)ە، لە چەند ڕێسایەکی دیاریکراو پێکدێت، کە کارکردنی زمانەکە ساناتر و خێراتر دەکەن و بریتین لە (کەرەستەکانی ڕێزمانی بینراو)، (هۆکانی گەیاندنی واتا)، (دیزاینکردنی پێگەر بینەر).

٣.  شارەزابوونی مرۆڤ لە (ڕێزمانی بینراو)دا بنەمای سەرکەوتنە پیشەیی و پسپۆڕییەکانیەتی لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

٤.  سەر لە نوێ داڕشتنەوە و ڕاستکردنەوەی (وێنەکاریی پەروەردەیی) لە سەر بنەمای (ڕێزمانی بینراو) لە سەرجەم پڕۆگرامەکانی خوێندندا پرۆسەی فێربوون و فێرکردن وروژێنەتر و کاریگەرتر دەکەن.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

١. پشدەری، قادر محمد و کۆمەڵە نوسەرێک، ٢٠١٣، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ پۆلی نۆیەم)، چاپی نۆیەم، چاپخانەی پرۆمات، هەولێر.
٢. پشدەری ، قادر محمد و کۆمەڵە نوسەرێک،٢٠١٣، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ پۆلی هەشتەم)، چاپی نۆیەم، چاپخانەی پرۆمات، هەولێر.
٣. تۆفیق، جەزا و کۆمەڵە نوسەرێک ،٢٠١٣، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ پۆلی حەوتەم)، چاپی نۆیەم، چاپخانەی پرۆمات، هەولێر.
٤. عومەر ، کاروان و شاخەوان جەلال ،٢٠١٣، فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی(پەروەردە - میدیا)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەکادیمیای کوردی، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٠، زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی موستەقبەل، لوبنان.
٦. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٠، زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی موستەقبەل، لوبنان.
٧. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٠، زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی موستەقبەل، لوبنان.
٨. مصطفی، اسکندر و کۆمەڵە نوسەرێک،٢٠١٣، زانست بۆ هەمووان (بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی)، چاپی پێنجەم، بەیروت، لوبنان.

**دوهەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Blacke, J., B. (2005), Relation Grammar, Routledge Publisher.
2. Fletcher, M. and Munns, R. (2004), Timesaver (Visual Grammar), Mary Glascow Magzin (Scholastic).
3. Goodman, S. and Graddole, D. (2005), Redesigning English (new texts, new identities), Routledge Publisher.
4. Haliday, K., A., M. (1994), an Introduction To Functional Grammar, 2ed, LTD Publisher.
5. Hilligos, S. and Howard, T. (2002), Visual Communication (A writer's Guide), Longman Publisher.

6. Kress, G. and Leeuwen, V., T. (2006), Reading Images (The Grammar of Visual Design), 2ed, Routledge Publisher.
7. Larson, K., R. (2010), Grammar as Science , The MIT Press.
8. Leborg, C. (2006), Visual Grammar, Princetion Architectural Press.
9. Melendez, A.; Enriquesuesucar, L. and Morales, F., E. (2010), A visual Grammar for Face Detection, publisher Springer- Verlag Berlin Heidelberg.
10. Mesa, M. (2012), Visual Grammar for Business (Bridging the Visual Language Barrier), LLC.
11. Molta-Roth, D. and Santiago, F. (2009), Transitivity in Visual Grammar (Concept and Application), Linguagem and Ensino, Pelotas, V.12.
12. Wittenburg, K. and Weitzman, L. (1997), Relational Grammar: Theory and Practice in a Visual Language Interface for Process Modeling.

## خلاصة

الآنسان في حياته أخترع وسائل متعددة للآتصال، وكان أكثرهم شهرة و تفعيلا الآتصال من خلال اللغة المصورة. أختراع هذا النوع من الآتصال لم يكون عشوائيا، بل له قواعد محددة الموسوم بـ(القواعد المصورة). ان اللغة المصورة في عصرنا يعتبر الأساس الأغلب للأتصالات العامة في الحياة، و خصوصا في مجالات (التربية المعاصرة، التجارة، الآعلانات...الخ). و من هذا المنطلق ان البحث يريد أن يسلط الضوء في مجال القواعد المصورة للغة المصورة و بيان الأستعمالاته و أهميته المتعددة في مجال التربية المعاصرة. و من أجل الحصول على نتائج علمية قسم البحث الى ثلاثة

فصول، الفصل الآول خصص لبيان اللغة المصورة بالشكل العام، أما الفصل الثاني قدم فيها مبادئ علمية للقواعد المصورة، وفي الفصل الأخير قدم أهم الاستعمالات العملية للقواعد المصورة في مجال التربية الكوردية المعاصرة.

## ABSTARACT

In his life, humanity was invented multiple mediums for communication. The main and activation devices in contemporary life for communication are a Visual Language. Invention this type of Communication isn’t indiscriminately, because it has a specific principle and rule which control this language named (Visual Grammar). In this century Visual Language is a most important way for communication in public relationship, especially in the area of (Contemporary

Education, Business, and Advertising…etc.). According to this view this research wants' to describe and analysis the Visual Grammar for Visual Language, also it's important to show the multiple role and the application of this language in the modern Education process and program. So the research divided to three main chapter, which in the first chapter we talk about the Visual Language, and in the chapter two the research represent the main principle of the Visual Grammar, in the last chapter presented the most important uses and the practices for Visual Grammar for the scope of contemporary Kurdish Education.